تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

ماسك بەستن

XEBAT

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە ژمارە (6015) یەکشەممە 4ی تشرینی یەکەم 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار

پەیامی سەرۆک مەسعود بارزانی لە ساڵیادی کۆچی دوایی مام جەلال دا:

ئێستا زیاتر لە هەموو کات هەست بە خەسارەتی لە دەستدانی دەکەم



لە یادی تێپەڕبوونی ٣ ساڵ بەسەر کۆچی دوایی بەڕێز مام جەلال، سەرۆککۆماری پێشووتری عێراق و سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سەرۆك بارزانی پەیامێکی ئاراستەی کەسوکاری مام جەلال کرد.

لە بەشێکی پەیامەکەی دا دەڵێ: ڕێز و پێزانینم بۆ دەوری کاریگەریی بەڕێزیان لەکاتی خەباتی شۆڕشگێڕانە لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلەکەماندا و لەکاتی سەرۆکایەتی عێراقدا وەك یەکەم سەرۆککۆماری کورد، ئێستا زیاتر لە هەموو کات هەست بە خەسارەتی لە دەستدانی دەکەم.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

برازاکانم کاك باڤڵ و کاك قوباد

لە یادی تێپەڕبوونی (٣) ساڵ بە سەر کۆچی دوایی برای بەڕێزم مام جەلال، لەگەڵ پێشکەشکردنی ڕێز و پێزانینم بۆ دەوری کاریگەریی بەڕێزیان لە کاتی خەباتی شۆڕشگێڕانە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلەکەماندا و لە کاتی سەرۆکایەتیی عێراقدا وەك یەکەم سەرۆك کۆماری کورد، ئێستا زیاتر لە هەموو کات هەست بە خەسارەتی لە دەستدانی دەکەم.

هیوادارم ئێوەش بەردەوام بن لە درێژەدان بە ڕێگای باوکتان بۆ بەدیهێنانی خەونی گەلەکەمان و درێغی نەکەن لە پتەوکردنی یەکڕیزیی نیشتیمانی.

مامتان

مەسعود بارزانی

نێچیرڤان بارزانی: دەبێت هەموو لایەک ئارامیی هەرێمی کوردستان و عێراق بپارێزین



نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕۆژی 1/10/2020 بەبۆنەی ئاراستەکردنی چەند موشەیەك بۆ نزیك فڕۆکەخانەی هەولێر، پەیامێکی بڵاوکردەوە.

لە بەشێکی پەیامەکەیدا ڕایگەیاند: دەبێت قوربانییەکانی پێشمەرگە و هەموو هێزە عێراقییەکان و هاوپەیمانان هاندەرمان بن بۆ پاراستنی ئارامی و سەقامگیریی هەموو عێراق و هەموو باڵێوزخانە و نوێنەرایەتییەکانی جیهان لە عێراق، ڕاشیگەیاند: دەبێت بە باشترین شێوە هەوڵی هێنانەکایەی سەقامگیری بدەین لەو دۆخە خراپە ئابووریەی بەهۆی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆناوە بەسەر خەڵکی وڵاتەکەمان و جیهاندا هاتووە.

(دەقی پەیامەکە لە ل٣ بخوێنەوە)


هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی و بارودۆخی دارایی و دابەشکردنی مووچە گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت

سبەی پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکوومەت کۆدەبێتەوە

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بانگهێشتی گشت ئەندامانی پەرلەمان دەکات بۆ ئامادەبوون لە دانیشتنی ژمارە 8ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی دووەم لە کاتژمێر 10ی پێشنیوەڕۆی سبەی دووشەمە ڕێککەوتی 2020/10/5، دوای ئەم بانگهێشتە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان بەرنامەی کاری دانیشتنی سبەی دووشەمەی بڵاوکردەوە و بەگوێرەی بەرنامەی کار، مەسرور بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان ئامادەی دانیشتنەکەی پەرلەمان دەبێت.

2





لە گۆڕستانی مەهدەرا بۆزا تەرمی بابا شێخ رابەری ڕۆحیی ئێزدییەکان بەخاکسپێردرا

دوای ئەوەی بابە شێخ خرتۆ حاجی بەهۆی نەخۆشی لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر ئێوارەی ڕۆژیپێنج شەممە ١/١٠/٢٠٢٠ کۆچی دوایی کرد و ڕۆژی هەینی لە ڕێوەڕەسمی ئایینی ئێزدی دا و بە ئامادەبوونی چەندین کەسایەتی ئایینی و سیاسی لە ناوخۆ و دەرەوەی هەرێم و نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان و بە بەشداری سەدان کەس، تەرمی رابەری ڕۆحیی ئێزیدییەکان، بابە شێخ خرتۆ حاجی ئیسماعیل لە گۆڕستانی مەهدەرا بۆزا لە گوندی بۆزان سەر بە ناحیەی ئەلقوش سەربە قەزای شێخان بە خاکسپێردرا.

(زیاتر لە ل٤ بخوێنەوە)



پەرلەمانتاریکی هەدەپە:

دەمانەوێت هەموو لایەنەکانی کورد بە پێشەنگایەتیی سەرۆک بارزانی کۆببینەوە

ئیمام تاشچەر، پەرلەمانتاری دیاری کورد، لە پەرلەمانی تورکیا لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) دەڵێت: هیچ ڕێککەوتنێکی کوردان بەبێ سەرۆك بارزانی سەر ناگرێت و پێویستە ئەو وەك پێشەنگێکی کوردان، هەموو کوردان کۆ بکاتەوە، چونکە کورد هیوای بە سەرۆك بارزانییە.

(زیاتر لە ل٥ بخوێنەوە)



سەفین دزەیی:

بۆ پاراستنی ئاسایشی دیپلۆماتکاران و نوێنەرایەتییەکان هەموو هەنگاوێک دەگرینەبەر

بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، باس لە پاراستنی گیانی دیپلۆماتکاران لە کوردستان و عێراق دەکات و بە گرنگی دەزانێت، ئارامیی کوردستان و عێراق بپارێزرێت.

(زیاتر لە ل٥ بخوێنەوە)



بابەکر زێباری:

پێویستە خەڵکی خراپکار لە ناوچەکانی نزیک کوردستان دوور بخرێنەوە

هەفتەی ڕابردوو چەند موشەکێك لە سنووری ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی عێراق و لیوایەکی سەر بە حەشدی شەعبی، ئاراستەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر کران و دواتر هەرێمی کوردستان بە توندی پەیامێکی ئاراستەی بەغدا کرد، ڕاوێژکاری سەربازیی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش دەڵێت، پێویستە خەڵکی خراپکار لە ناوچەکانی نزیك هەرێمی کوردستان دوور بخرێنەوە.

(زیاتر لە ل٤ بخوێنەوە)



عارف روشدی:

ئامادەبوونی سەرۆکی حکوومەت لە دانیشتنی پەرلەماندا هەنگاوێکی ئەرێنییە

عارف روشدی ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی ڕایدەگەیەنێت ئامادەبوونی سەرۆکی حکوومەت لە دانیشتنی پەرلەمان هەنگاوێکی ئەرێنییە لە چواچێوەی پرۆسەی چاکسازی و ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکان،

(زیاتر لە ل٤ بخوێنەوە)

پەیامی سەرەخۆشیی سەرۆک بارزانی بۆ کۆچی دوایی دەرویش سەعدۆ

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتیی دیار و سیاسەتمەداری باکووری کوردستان و یەکێک لە دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا (دەرویش سەعدۆ)مان بیست. خوالێخۆشبوو دەرویش سەعدۆ کەسێکی خەباتگێڕ و نیشتیمانپەروەر بوو کە هەر لە شەستەکانی سەددەی بیستەمدا خەباتی سیاسیی خۆی دەستپێکردەوە و ڕۆڵی لە پشتیوانیکردنی شۆڕشی ئەیلوول هەبووە و هەروەها لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول و لە شۆڕشی گوڵاندا ڕۆڵەیەکی بە وەفای ڕێبازی کوردایەتی بووە و بەردەوام بووە لە پشتیوانیکردنی شۆڕش هەتا ئەو ڕادەیەی ئاماده بووە قوربانی بە ژیانی خۆی بدات لەپێناو یارمەتیدانی پێشمەرگە و تێکۆشەرانی شۆڕشی گوڵان. هەر لەبەر ئەو ڕۆڵە بەرز و دڵسۆزانەی خوالێخۆشبوو دەرویش سەعدۆ لە شۆڕش و خەباتی گەلی کوردستاندا هەیبووە، میدالیای بارزانیی نەمریشی پێ بەخشرا.

بە کۆچی دوایی دەرویش سەعدۆ ئێمە دۆست و هەڤاڵ و تێکۆشەرێکی کوردمان لە دەست داوە. سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی خانەوادە و کەسوکاری خوالێخۆشبوو دەرویش سەعدۆ و ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا و سەرجەم تێکۆشەر و نیشتیمانپەروەرانی باکوور دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمیان دەزانم. لە خودای گەورە داواکارم ڕۆحی خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله و انا الیه راجعون

مسعود بارزانی
2ـی 10ـی 2020

پەیامی سەرۆک بارزانی بۆ کۆچی دوایی شڤان شێخۆ

سەرۆک بارزانی بە بۆنەی کۆچی دوایی شڤان شێخۆ کارگێڕی لقی ٨ی زاخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان پەیامێکی بڵاوکردەوە، ئەمەش دەقەکەیەتی:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی (شڤان شێخۆ) کارگێڕی لقی 8ـی زاخۆی پارتی دیموکراتی کوردستانم بیست.

پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادە نیشتیمانپەروەرەکەی خوالێخۆشبوو شڤان شێخۆ و تەواوی دۆست و هەڤاڵانی دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمیان دەزانم.

لە خودای مەزن داواکارم خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامیش بە هەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله و انا الیه راجعون

مسعود بارزانی
30ـی ئەیلوولی 2020

پەیامی سەرۆک بارزانی بۆ کۆچی دوایی میدیاکار کامیران مەرعی

سەرۆک بارزانی بەبۆنەی کۆچی دوایی میدیاکار کامیران مەرعی پەیامێکی سەرەخۆشی بڵاوکردەوە، کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی میدیاکار (کامیران مەرعی)م بیست.

پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادە و خزم و هاوپیشانی خوالێخۆشبوو کامیران مەرعی دەکەم، خۆم بە هاوبەشی خەمتان دەزانم.

لە خودای مەزن داوکارم گیانی خوالێخۆشبوو کامیران مەرعی بە بەهەشتی بەرین شاد بکات، سەبر و ئارامیش بە خانەوادە و کەسوکاری ببەخشێت.

انا لله و انا الیه راجعون

مسعود بارزانی
30ـی ئەیلوولی 2020

پرسەنامەی مەکتەبی سیاسیی پارتی بۆ کۆچی دوایی(بابە شێخ)

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی ناسراوی ئێزیدیان و سەرۆکی ڕۆحانیی ئایینی ئێزیدیان (بابە شێخ)مان پێگەیشت، بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی میر حازم تەحسین بەگ میری ئێزیدیان و ئەنجوومەنی بااڵی ڕوحانی و خوشک و برایانی ئێزدی و بنەماڵەی بەڕێزیان دەکەین و خۆمان بە هاوبەشی و شەریکی خەمیان دەزانین.

خوالێخۆشبوو شێخ خرتۆ (بابە شێخ) کەسایەتییەکی ناسراوی کۆمەڵایەتی و ئایینی و نیشتمانپەروەری دیاری کوردی ئێزدی بوو و ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی هەبووە لە پاراستنی کولتووری ڕەسەنی ئێزدیاتی و پتەوکردنی گیانی تەبایی و ئاشتەوایی و پێکەوەژیان لەنێو پێکهاتەکانی کوردستان، لەدەستدانی خەسارەتێکی گەورەیە.

دووبارە هاوخەمیی و پرسە و سەرەخۆشی خۆمان دووپات دەکەینەوە و ئومێدەواریین هەموولایەک لە خەم و نازار و کۆستی دیکە بە دوور بن و خوای گەورە کەسایەتی کۆچکردوو بخاتە بەر ڕەحمەت و دلۆقانیی خۆی...

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
٢ـی١٠ـی٢٠٢٠





پەیامی سەرەخۆشیی سەرۆک بارزانی بۆ کۆچی دوایی بابا شێخ سەرۆکی ڕۆحانیی ئایینی ئێزیدی:

بابا شێخ هۆکاری خێرخوازی و چارەسەرکردنی کێشەکان بووە و بۆ بڵاوکردنەوەی تەبایی و پێکەوەژیان درێغی نەکردووە

خەبات/ سەرۆک بارزانی بە بۆنەی کۆچی دوایی کەسایەتیی ئایینی و سەرۆکی ڕۆحانیی ئایینی ئێزیدی شێخ خرتۆ حاجی ئیسماعیل (بابا شێخ) پەیامێکی سەرەخۆشیی بڵاوکردەوە و لە بەشێکی پەیامەکەیدا دەڵێ: بابا شێخ کەسایەتییەکی ئایینی دیار و نیشتیمانپەروەری کوردی ئێزیدی بوو، لە هەموو بارودۆخێکدا هۆکاری خێرخوازی و چارەسەرکردنی کێشەکان بووە لەناو خوشک و برا ئێزیدییەکانمان و بۆ بڵاوکردنەوەی تەبایی و پێکەوەژیان درێغی نەکردووە.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەداخێکی زۆرەوە ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە 1ـی 10ـی 2020 کەسایەتیی ئایینی و سەرۆکی ڕۆحانیی ئایینی ئێزیدی شێخ خرتۆ حاجی ئیسماعیل (بابا شێخ) لە شاری هەولێر کۆچی دوای کرد. بابا شێخ کەسایەتییەکی ئایینی دیار و نیشتیمانپەروەری کوردی ئێزیدی بوو کە لە هەموو بارودۆخێکدا هۆکاری خێرخوازی و چارەسەرکردنی کێشەکان بووە لەناو خوشک و برا ئێزیدییەکانمان و بۆ بڵاوکردنەوەی تەبایی و پێکەوەژیان درێغی نەکردووە. سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی میر حازم تەحسین بەگ میری ئێزیدیان و ئەنجوومەنی ڕۆحانیی ئایینیی ئێزیدی و پیاوانی ئایینی ئێزیدی و خانەوادە و کەسوکاری بابا شێخ و تەواوی خوشک و برایانی ئێزیدی لە کوردستان و هەموو جیهان دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمیان دەزانم. لە خودای گەورە داواکارم ڕۆحی بابا شێخ بخاتە بەر ڕەحمەت و دلۆقانیی خۆی و سەبر و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت.

مسعود بارزانی
1ـی 10ـی 2020

سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی بابا شێخ پەیامێکی سەرەخۆشی بڵاو کردەوە:

بابا شێخ ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پێکەوەژیاندا هەبووە

خەبات/ نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی بابا شێخ ڕێبەری ڕوحانی ئایینی ئێزیدی پەیامێکی سەرەخۆشی بڵاوکردەوە، کە تێیدا سەرەخۆشی لە کوردانی ئێزیدی و کەسوکاری کۆچکردوو دەکات، ئەمەش دەقەکەیەتی:

بەهینامەك ژ سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ

ژبۆ وەغەرا خودێ ژێ ڕازی شێخ خرتۆ حەجی ئیسماعیل، بابێ شێخ یێ ئێزدییان، بەهیداری و سەرساخیێ ل مالبات و کەسوکارێن وی و هەمی خوشك و برایێن ئێزدی دکەم و هەڤپارێن خەما وانین، ژ خودایێ مەزن هیڤیخوازین جانێ وی ب دلۆقانیا خۆ شا بکەت و سەبر و هەدارێ بدەتە هەموویان.

بابێ شێخ وەك ڕێبەر و مەزنێ ئولی یێ ئێزدییان ژیانا خۆ ژبۆ خزمەتا ئێزدییاتیێ و سالێن دوور و درێژێن ژیێ خۆ د کاروبارێن ئولی و جڤاکی یێن ئێزدییاندا دەرباز کرن، ڕۆلا وی یا بەرچاڤ ژبۆ پێکڤەژیان و هەڤقەبوولکرنێ ژی دیارە و شوونداستێ کار و خزمەتێن وی، هەر دێ مینیت.

وەغەرا وی یا خێرێ و جانێ وی شاد.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ
1/10/2020

پەیامی سەرەخۆشی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کۆچی دوایی ڕێبەری ڕوحانیی ئایینیی ئێزدیی بابا شێخ

بابا شێخ ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پەرەپێدانی بە یەکەوەژیانی ئایینیی لە هەرێمی کوردستاندا هەبوو

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژی پێنجشەممە 2020/10/1، بە بۆنەی کۆچی دوایی بابا شێخ (شێخ خرتۆ حاجی ئیسماعیل) ڕێبەری ڕوحانیی ئایینی ئێزدی پەیامێکی سەرەخۆشی بڵاو کردەوە، ئەمەش دەقی پرسەنامەکەیەتی:

بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی بابا شێخ (شێخ خرتۆ حاجی ئیسماعیل) ڕێبەری ڕوحانیی ئایینی ئێزدییم بیست. پرسە و سەرەخۆشیی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی و میری ئێزدیان و ئەنجوومەنی ڕوحانیی و تەواوی خوشک و برایانی ئێزدی لە کوردستان و جیهان دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمیان دەزانم. جەنابی بابا شێخ کەسایەتییەکی دیار و خاوەن پێگەیەکی گرنگ بوو لە هەرێمی کوردستان و جیهاندا. ڕۆڵێکی بەرچاویشی لە پەرەپێدانی بەیەکەوەژیانی ئایینیی لە هەرێمی کوردستاندا هەبوو. خوای مەزن گیانی بە بەهەشت شاد بکات و ئارامی و دڵنەواییش بە هەموان ببەخشێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان
1/10/2020

هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی و بارودۆخی دارایی و دابەشکردنی مووچە گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت

سبەی پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکوومەت کۆدەبێتەوە

خەبات/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بانگهێشتی گشت ئەندامانی پەرلەمان دەکات بۆ ئامادەبوون لە دانیشتنی ژمارە 8ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی دووەم لە کاتژمێر 10ی پێشنیوەڕۆی سبەی دووشەمە ڕێککەوتی 2020/10/5، دوای ئەم بانگهێشتە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان بەرنامەی کاری دانیشتنی سبەی دووشەمەی بڵاوکردەوە و بەگوێرەی بەرنامەی کار، مەسرور بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان ئامادەی دانیشتنەکەی پەرلەمان دەبێت.

هەروەك لە کارنامەکەدا هاتووە: لەسەر داوای بەڕێز (سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران) خستنەڕوو و گفتوگۆکردن بۆ ئەم بابەتانەی خوارەوە بەئامادەبوونی بەڕێزان (سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری دارایی و ئابووری)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق، بەپێی حوکمی برگەی (دووەم)ی ماددەی (66) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق. هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پڕۆسەی چاکسازی لە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لەهەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (2)ی ساڵی 2020. بارودۆخی داراییی هەرێمی کوردستان و دابەشکردنی مووچە. دانوستانەکان لەگەڵ حکوومەتی عێراقی فیدراڵ. بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم. لێکەوتەکان و هەنگاوەکانی بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا.



سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە یادی کۆچی دوایی مام جەلال پەیامێکی بڵاوکردەوە



نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ساڵیادی کۆچی دوایی مام جەلال، لە هەژماری تایبەتی تۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر پەیامێکی بڵاوکردەوە کە ئەمە دەقەیەتی:

تویتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ یادی کۆچی دوایی سەرۆك مام جەلال

لە یادی کۆچی دواییی سەرۆك مام جەلالدا، بە ڕێز و پێزانینەوە خەبات و تێکۆشانی دوور و درێژی لەپێناو ئازادیی گەلی کوردستاندا بە بیر دەهێنینەوە و لە هەموو کاتێك زیاتر هەست بە بۆشایی و ڕۆڵی گرنگ و دونیابینی و پێرۆیستییان دەکەین. گیانی شاد و یادی هەمیشە بە خێر بێت.

نێچیرڤان بارزانی:

دەبێت هەموو لایەک ئارامیی هەرێمی کوردستان و عێراق بپارێزین



نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕۆژی 1/10/2020 بەیانەی ئاراستەکردنی چەند مووشەیەك بۆ نزیك فڕۆکەخانەی هەولێر، پەیامێکی بڵاوکردەوە، لە بەشێکی پەیامەکەیدا رایگەیاند: دەبێت قوربانییەکانی پێشمەرگە و هەموو هێزە عێراقییەکان و هاوپەیمانان هاندەرمان بن بۆ پاراستنی ئارامی و سەقامگیریی هەموو عێراق و هەموو باڵیۆزخانە و نوێنەرایەتییەکانی جیهان لە عێراق، ڕاشیگەیاند: دەبێت بە باشترین شێوە هەوڵی هێنانەکایەی سەقامگیری بدەین لەو دۆخە خراپە ئابووریەی بەهۆی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆناوە بەسەر خەڵکی وڵاتەکەمان و جیهاندا هاتووە.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

کاتژمێر ٨:٣٠ی شەوی ڕابردوو گرووپێکی تێکدەر شەش مووشەکی لە ناوچەی بەرتلەی پاریزگای مووسڵەوە، ئاراستەی بنکەی هاوپەیمانان لە هەولێر کرد، خۆشبەختانە هیچ زیانێکیان نەبوو.

لە کاتێکدا ئەو هێرشە بە دەستدرێژی بۆ سەر خەڵکی هەرێمی کوردستان و هاوپەیمانەکانی لە شەڕی دژی تیرۆردا دەبینین، لە هەمان کاتدا لەو باوەڕەداین کە دەبێت هەموو هێزە ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق، هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق و حەشدی شەعبی، هەوڵەکانیان بکەنە یەك بۆ ڕێگرتن لە هەموو کارێکی تێکدەرانەی هەموو گرووپە ئاژاوەگێڕ و تێکدەرەکان.

دەبێت قوربانییەکانی پێشمەرگە و هەموو هێزە عێراقییەکان و هاوپەیمانان هاندەرمان بن بۆ پاراستنی ئارامی و سەقامگیریی هەموو عێراق و هەموو باڵیۆزخانە و نوێنەرایەتییەکانی جیهان لە عێراق، هەروەها دەبێت بە باشترین شێوە هەوڵی هێنانەکایەی سەقامگیری بدەین لەو دۆخە خراپە ئابووریەی بەهۆی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆناوە بەسەر خەڵکی وڵاتەکەمان و جیهاندا هاتووە.

ئەوانەی هێرشی تێکدەرانە ئەنجام دەدەن دوژمنی هەموو عێراقن و دەبێت هەموو هێزە عێراقییەکان بە یەکدەستی بەرەنگاریان ببنەوە و ڕووبەڕووی یاسا بکرێنەوە، ئێمەش بەمەبەستی دروستکردنی ئەو هەماهەنگییە لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی عێراق بەڕێز مستەفا کازمی ئامادەی هەموو هاوکاری و پشتگیرییەکین کە دڵنیاین لەپێناو ئارامی و سەقامگیردا هەموو هەوڵێك دەدات.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
1/10/2020

ئەنجوومەنی وەزیران دۆسیەی دانوستان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی سەبارەت بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان تاوتوێ کرد

ئەنجومەنی وەزیران داوا لە حکوومەتی فیدراڵی دەکات، هەرچی زووە بەشە بودجەی هەرێم خەرج بکات



ڕۆژی چوارشەممە 2020/9/30 ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی ئەنجومەن کۆبوونەوە.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئاماژەی بەوەدا کە بەداخەوە تا ئێستاش ژمارەی تووشبووان و گیان لە دەستدان بە هۆی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان لە زیادبوونە، بۆیە داوا لە هەموو دامودەزگا و فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم کە پابەند بن بە گشت ڕێکارەکانی خۆپارێزی و ڕێنماییە تەندروستییەکان. لە هەمانکاتدا داوا لە هاوواڵاتییانیش دەکەم خۆیان بپارێزن.

پاشان جێگری سەرۆکی ئەنجومەن، بە ناوی ئەنجومەنی وەزیرانەوە وتەیەکی دەربارەی کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو سەلاح کۆخا سەرپەرشتیاری پێشووی ئیدارەی گەرمیان پێشکەش کرد و باسی لە جوامێری و دڵسۆزی سەلاح کۆخا کرد و گوتی کاك سەلاح وەك چۆن لە شاخ پێشمەرگەیەکی ئازا و خەباتگێڕێکی دڵسۆز بووە، ئاوهاش لە سەردەمی سەرپەرشتیکردنی ئیدارەی گەرمیان، دڵسۆز و لە خەمی خزمەتکردنی گەرمیانی پایتەختی ئەنفال و گەرمیانییەکان بووە، جوامێرانە و مەردانە کاری کردووە و هاوسەنگی حوکمڕانی پاراستبوو، بەناوی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پرسە و سەرخۆشی ئاراستەی کەسوکار و گەرمیانییەکان دەکەین.

هەروەها ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان سەرەخۆشی لە خەڵك و بنەماڵەی میریی کۆیت دەکات بۆ کۆچی دوایی میری کۆیت شێخ (صباح الاحمد جابر الصباح)، کە پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەبوو.

ئەنجومەنی وەزیران جەختی لە پاراستنی سەقامگیریی دۆخی عێراق و هەروەها گرنگیی پاراستنی ئاسایشی باڵیۆزخانە و نوسینگە و نێردە دیپلۆماسییەکان لە بەغدا کردەوە، چونکە تێکچوونی دۆخی عێراق لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان و هاووڵاتییانی عێراق بە گشتی نییە.

پاشان هەر یەك لە ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆ و خالید شوانی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستان، ڕاپۆرتێکیان دەربارەی دەستپێکردنەوەی دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی سەبارەت بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان پێشکەش کرد، کە لە لایەن لیژنەی دانوستانەوە ئامادەکرابوو، ئەنجومەنی وەزیران نەخشەڕێگا و پلان و ڕاسپاردە پێشنیارکراوەکانی پەسەندکرد و لیژنەکەشی ڕاسپارد بۆ دەستپێکردنی جێبەجێکردنی و بەردەوامیدان بە هەوڵەکانی پێشوو لەم دۆسیەدا و سەردانکردنی دەسەڵاتە فیدراڵییەکان لە بەغدا لە نزیکترین دەرفەتدا و کارکردنی جدی بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140 ی دەستوور، بەو پێیەی بابەتی خاك و ئەو ناوچە ناکۆکی لەسەرانە کاری لە پێشینەی ئەم کابینەیە و جێی بایەخ و گرنگیی هەرێمی کوردستانە و بابەتە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، تەنیا بریتی نین لە بواری بوودجە و وزە.

لە کۆتاییدا د. ئامانج ڕەحیم سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران، لە چوارچێوەی ڕاپۆرتێکدا بە ژمارە و داتای پێویست، ڕوونکردنەوەی یاسایی و دارایی دەربارەی مووچە لە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان خستەڕوو . تیایدا جەختکرایەوە لەوەی مووچە و شایستەی دارایی، بە یاسا چەسپێندراوی مووچەخۆرانە و ئەنجومەنی وەزیران، بابەتی دابینکردنی شایستەی دارایی مووچەخۆران لە ئەولەویەتی کاری ئەم کابینەیە داناوە،. ئەنجومەن داوا لە حکومەتی فیدراڵی دەکات هەرچی زووە بەشە بودجەی هەرێم خەرج بکات تا لە نزیکترین دەرفەتدا، لەگەڵ داهاتی ناوخۆی هەرێم، مووچە دابەش بکرێت. لە هەمانکاتدا ئەنجومەنی وەزیران پێشنیاری وەزارەتی دارایی و ئابووریشی پەسەندکرد بۆ زیادکردنی تەمویلی مووچەی داهاتوو بۆ ٪82 لە بری ٪79 و کەمکردنەوەی ڕێژەی ڕاگرتنی تەمویل لە ٪21 بۆ ٪18.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یادی کۆچی دوایی مام جەلالدا پەیامێکی بڵاوکردەوە:

هیوادارم یادی مام جەلال هاندەر بێت بۆ یەکڕیزی و تەبایی گەلەکەمان

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵیادی کۆچی دوایی مام جەلال، پەیامێکی هاوخەمی بڵاوکردەوە و لە بەشێکی پەیامەکەیدا رایدەگەیەنێت: هیوادارم یادی مام جەلال هاندەر بێت بۆ یەکڕیزی و تەبایی گەلەکەمان.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

لە سێیەمین ساڵیادی کۆچی دوایی بەڕێز مام جەلال، ڕێز و پێزانینم بۆ خەبات و ڕۆڵی دیاری بەڕێزیان هەیە لە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و عێراقدا. پێزانینم ئاراستەی بەڕێزان کاك بافل و کاك قوباد و شۆێنکەوتووە ڕاستەقینەکانی مام جەلال دەکەم.

هیوادارم یادی مام جەلال، هاندەر بێت بۆ یەکڕیزی و تەبایی گەلەکەمان.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیامێکی سەرەخۆشی ئاڕاستەی بنەماڵەی دەرویشێ سەعدۆ کرد

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پەیامێکی سەرەخۆشی ئاراستەی بنەماڵەی دەرویشێ سەعدۆ کرد، لە بەشێکی پەیامەکەیدا رایگەیاند: دەرویشێ سەعدۆ خەباتکارێکی دیاری نێو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کوردستان بوو، بە تایبەتی رۆڵێکی دیار و گرنگی لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان-تورکیا هەبوو.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتیی تێکۆشەر و نیشتمانپەروەری ناسراویی کوردستان (دەرویشێ سەعدۆ)م بیست.

دەرویشێ سەعدۆ خەباتکارێکی دیاری نێو بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان بوو، بە تایبەتی رۆڵێکی دیار وگرنگی لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان-تورکیا هەبوو، پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمیان دەزانم.

خوای مەزن گیانی بە بەهەشت شاد بکات و ئارامیی و دڵنەواییش بە بنەماڵە و هەڤاڵەکانی ببەخشێت.

پەیامێکی سەرەخۆشی لە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە

بەڕێز کاك دانا عەبدولکەریم وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاڵی بەڕێزتانم بیست . پرسە و سەرەخۆشیتان لێ دەکەم . خوای مەزن گیانی بە بەهەشت شاد بکات و ئارام و دڵنەواییش بە ئێوە و بنەماڵەکەی ببەخشێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

پەیامی سەرەخۆشی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

بۆ بنەماڵەی خوالێخۆشبوو شڤان شێخۆ

بە داخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاك (شڤان شێخۆ) کەسایەتی ناسراوی شاری زاخۆ و کارگێڕی لقی هەشتی پارتی دیموکراتی کوردستانم بیست . هاوخەمی خۆم بە بنەماڵە نیشتمانپەروەرەکەی ڕادەگەیێنم. خوای مەزن گیانی بە بەهەشت شاد بکات و ئارامیی و دڵنەواییش بە بنەماڵە و کەسوکار و هەڤاڵانی ببەخشێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

پرسەنامەیەک لە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە

بۆ بنەماڵەی ڕاگەیاندنکار کامیران مەرعی

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی ڕاگەیاندنکار (کامیران مەرعی)م بیست . پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی دەکەم. خوای مەزن گیانی بە بەهەشت شاد بکات و ئارامیی و دڵنەواییش بە بنەماڵە و کەسوکاری ببەخشێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

لە گۆڕستانی مەهدەرا بۆزا تەرمی بابا شێخ رابەری رۆحیی ئێزدییەکان بەخاکسپێردرا

راوێژکارێکی سەرۆکی هەرێم: بابا شێخ رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێزدییەکان بەتایبەتی بابەتی کچ و ژنە رفێنراوەکان



دوای ئەوەی بابە شێخ خرتۆ حاجی بەهۆی نەخۆشی لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر ئێوارەی رۆژپێنج شەممە ١/١٠/٢٠٢٠ کۆچی دوایی کرد و رۆژی هەینی لە ڕێوڕەسمی ئایینی ئێزدی دا و بە ئامادەبوونی چەندین کەسایەتی ئایینی و سیاسی لە ناوخۆ و دەرەوەی هەرێم و نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان و بە بەشداری سەدان کەس، تەرمی رابەری رۆحیی ئێزدییەکان، بابە شێخ خرتۆ حاجی ئیسماعیل لە گۆڕستانی مەهدەرا بۆزا لە گوندی بۆزان سەر بە ناحیەی ئەلقوش سەربە قەزای شێخان بە خاکسپێردرا.

دوای گەڕاندنەوەی تەرمەکەی لە شاری هەولێرەوە، لە ڕێوڕەسمێکی میللی دا لە کومەڵگای مەهەتێ سەر بە قەزای شێخان کە کۆمەڵگایەکی ئێزدینشینە لەلایەن خەڵکی ئەو کۆمەڵگایەوە بە بەشداری سەدان هاووڵاتیی ئێزدی بە ژن و پیاو گەورە و منداڵەوە پێشوازیی لە تەرمی بابەشێخ کرا. دواتر تەرمەکەی گوازرایەوە بۆ قەزای شێخان و لەوێش کە ماڵەکەی خۆیدا ڕێوڕەسمی تایبەت بە ئایینی ئێزدی بەڕێوەچوو و خانەوادەکەی ماڵئاوایان لە تەرمی بابە شێخ کرد. دواتر تەرمی بابە شێخ گوازرایەوە بۆ گوندی بۆزان سەر بە ناحیەی ئەلقوش کە گۆڕستانێك بە ناوی (مەهدەرا بۆزا) لەو گوندەیە و هەموو بابە شێخەکانی ئێزدییەکان لەوێ بەخاک دەسپێڕدرێن، تەرمی بابەشێخ خرتۆ حاجی ئیسماعیل لە مەڕاسیمێکی تایبەت بە ئێزدییەکان و بە ئامادەبوونی چەندین کەسایەتی ئایینی و سیاسی و حزبی لە ناوخۆ و دەرەوەی هەرێم و بە بەشداری سەدان کەس، لەو گۆڕستانە بە خاک سپێردرا.

لەبارەی کەسایەتی و پێگەی بابە شێخ کەسایەتی دیاری ئێزدییەکان و راوێژکاری سەرۆکی هەرێم، شێخ شامو گوتی: بابە شێخ کەسایەتییەکی ئێجگار مەزن و پێگەیەکی زۆر گرنگی هەبوو لە ناوخۆ و دەرەوەی هەرێم و رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێزدییەکان بەتایبەتیش بابەتی کچ و ژنە رفێنراوەکان، ئەو پەیامێکی مرۆڤدۆستی زۆر بەهێزی بڵاوکردەوە و پێشوازی لەو کچ و ژنانە کرد کە ئەمەش بووەتە سیمبوڵی ئاشتی و قبوڵکردنی ئەو کچ و ژنانە لە ناو کومەڵگای ئێزدیی دا..

بابە شێخ خرتۆ حاجی ئیسماعیل کە رابەری رۆحی و مەرجەعی ئایینی ئێزدییەکانی هەموو جیهان بوو، ساڵی ١٩٣٣ لە قەزای شێخان لە دایکبووە و لە خێزانێکی ئایینی ئێزدی گەورەبووە کە باوکیشی بابە شێخ بووە و هەر لە منداڵییەوە لە خوێندنگا ئایینییەکان خوێندوویەتی و لە سوڵاڵەی خێزانی شێخ فەخری ئادیایە کە بە پێی بیروباوەڕی ئایینی ئێزدی یەکێک لە مەرجەکانی بوون بە بابە شێخ دەبێت کەسێك بێت لەو خێزانە. خرتۆ حاجی ئیسماعیل لە ٥/٨/١٩٩٥ بووە بە بابەشێخ و رابەری رۆحی ئێزدییەکان.

هەندێ کەس هەن دەیانەوێت ئاڵۆزییەکانی عێراق بگوازنەوە هەرێمی کوردستان

بابەکر زێباری: پێویستە خەڵکی خراپکار لە ناوچەکانی نزیک کوردستان دوور بخرێنەوە



هەفتەی رابردوو چەند مووشەکێك لە سنووری ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی عێراق و لیوایەکی سەر بە حەشدی شەعبی، ئاراستەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر کران و دواتر هەرێمی کوردستان بە توندی پەیامێکی ئاراستەی بەغدا کرد، راوێژکاری سەربازیی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش دەڵێت، پێویستە خەڵکی خراپکار لە ناوچەکانی نزیك هەرێمی کوردستان دوور بخرێنەوە.

بابەکر زێباری، راوێژکاری سەربازیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: بەئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان لەلایەن خراپکارانەوە، پەیامێکی مەترسیدارە و کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراقیش دەبێت، چونکە ئەو هەوڵە ترسنۆکانەیە، لە کاتێکدایە کە ئەمەریکا دەیەوێ باڵیۆزخانەی خۆی لە بەغدا هەڵبگرێت و هەندێ خەڵك و گرووپی ناو عێراقیش دەیانەوێت کێشە بۆ هەرێمی کوردستان بنێنەوە.

راوێژکاری سەربازیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان گوتیشی: ئێستا ڕەوشی عێراق بە گشتی و بەغدای تایەتخەت بە تایبەتی ئاڵۆزە و لە ڕووی ئەمنییەوە مەترسیدارە، ئەگەر بۆیان بچێتە سەر هەندێ خەڵك هەیە دەیەوێ ئاڵۆزییەکانی عێراق بگوازنەوە هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەمە شتێکی مەحاڵە و ئەمنییەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی عێراق بەراورد ناکرێت و هەرگیز کوردستان نابێتە بەغدا. زێباری ڕوونیشی کردەوە: پەیامی هەرێمی کوردستان لەبارەی هێرشەکەی سەر هەولێر ئاشکرایە و خۆم لەگەڵ ئەوەدام هەرێمی کوردستان و بەغدا هەماهەنگی بکەن هەندێ هێز و کەس هەنە لە هێڵی تەماس و ناوچەکانی سنووری نێوان هەرێم و بەغدا لابدرێن، لەبەر ئەوەی ئێمە نایشارینەوە لەنێو هەندێ گرووپ و هێزی عێراقی، خەڵکی خراپکار هەن و نابێت ئەو خەڵکانە لەو سنوورانە بمێنن، ئەمە باشترین چارەسەرە و پێویستە ئەو خەڵکانە دەربکرێن لەو سنوورانە، بۆ ئەوەی ڕووداوی هاوشێوەی هەفتەی رابردوو دوبارە نەبنەوە.

وەزارەتی ناوخۆ:

ئامادەیی تەواومان هەیە بۆ بەرپەچدانەوەی هەر دەستدرێژیەک

وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە هێرشە مووشەکییەکەی ئاراستەی فڕۆکەخانەی هەولێر کرا، رۆژی 2020/9/30 ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

کاتژمێر 8:30ی ئەم ئێوارەیە، شەش موشەك بە ئاراستەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر هاوێژران کە خۆشبەختانە هیچ ئامانجێکیان نەپێکاوە و هیچ زیانێکی لێ نەکەوتووەتەوە. موشەکەکان لە سنووری (برگلە) لە نێوان گوندەکانی شیخ ئەمیر و تەرجلە لە سەر پیکابێك هاوێژراون. ئەم دەڤەرەش دەکەوێتە سنووری لیوای 30 حەشدی شەعبی. تیمە تایبەتەکانی ئێمە خەریکی لێکولینەوەی وردن بۆ بە دەستهێنانی زانیاری زیاتر.

لەکاتێکدا بە تووندترین شێوە ئەم هێرشە تیرۆریستییە ترسنۆکانەیە ئیدانە دەکەین، لە هەمانکاتدا ئامادەیی تەواومان هەیە بۆ بەرپەچدانەوەی هەر دەستدرێژیەك. داواش لە حکومەتی فدرالی دەکەین دەست بە جێ ئیجرائاتی پێویست وەربگرن.

وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان
2020/9/30

عارف روشدی:

ئامادەبوونی سەرۆکی حکوومەت لە دانیشتنی پەرلەماندا هەنگاوێکی ئەرێنییە



خەبات: عارف روشدی راوێژکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان رایدەگەیەنێت ئامادەبوونی سەرۆکی حکوومەت لە دانیشتنی پەرلەمان هەنگاوێکی ئەرێنییە لە چواچێوەی پرۆسەی چاکسازی و ڕوونکردنەوەی رووداوەکان، دەشڵێت: ئەو بابەتە هەستیارانەی پەیوەندیدارن بە ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە، دەرەنجامی دانوستانەکانی شاندی هەرێم لەبارەی داهاتووی پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا بە شیکارییەوە دەخرێنە بەر دەستی ئەندامانی پارلەمان.

عارف روشدی، راوێژکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەکاونتی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك، سەبارەت بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکوومەت لە دانیشتنی سبەی دووشەممەی پەرلەمان، پۆستێکی کردووە و دەڵێت: ئامادەبوونی کاك مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی کاك قوبادی مام جەلال و کاك ئاواتی شێخ جەناب وەزیری دارایی، هەنگاوێکی تەندروستە، چونکە: ئەو بابەتە هەستیارانەی پەیوەندیدارن بە ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە، دەرەنجامی دانوستانەکانی شاندی هەرێم لەبارەی داهاتووی پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا بەشیکارییەوە دەخرێنە بەر دەستی ئەندامانی پارلەمان و دانیشتنەکەش وەك بڕیارە راستەوخۆ لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە پەخش بکرێت بۆ خەڵکی کوردستان، سەردانەکە هەنگاوێکی ئەرێنییە لە چواچێوەی پرۆسەی چاکسازی و ڕوونکردنەوەی رووداوەکان.

نوێنەری حکوومەتی هەرێم لە یەکێتیی ئەورووپا و سەرۆکوەزیرانی فلاندەرز جەخت لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکان دەکەنەوە



نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکوەزیرانی فلاندەرز کۆبوونەوە، لە دیدارەکەدا کە لە بارەگای سەرەکی سەرۆکوەزیران لە برۆکسێل بەڕێورچوو. د. دلاوەر خالد ئاژگەیی نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان سڵاوی بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی گەیاندە سەرۆکوەزیرانی فلاندەز یان یامبۆن و سوپاسی پشتگیری و هاوهەڵوێستی حکومەت و گەلی فلاندەرزی بۆ هەرێمی کوردستان کرد لە پشتگیری هەرێمی کوردستان.

لە میانەی سەردانەکە د. دلاوەر ئاژگەیی بەوردی باسی دۆخی سیاسی و ئابووری هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا و گفتوگۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی کرد و جەختی لە خواستی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکان لەسەر بنەمای دەستووری عێراق کردەوە بە شێوەیەك ماف و شایستەکانی هەرێمی کوردستان مسۆگەر بکرێن و سیستەمی فیدرالی وەك لە دەستووردا هاتووە جێبەجێ بکرێت. هەوڵەکانی بەردەم هەرێمی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا و تێپەڕاندنی دۆخی ئابووری و دارایی و پرۆسەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان بەشێکی تری دانیشتنەکە بوون.

هەروەها مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی داعش تەوەرێکی تری دانیشتنەکە بوو و نوێنەری حکومەت جەختی لە پێویستی هەرێمی کوردستان بە بەردەوامیی پشتگیریی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر کردەوە. پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و فلاندەرز تەوەرێکی تری کۆبوونەوە بوون و هەردوولا جەختیان لەسەر پەرەپێدان بە پەیوەندییەکان کردەوە بە تایبەتی لە ڕووی پشتگیری لە کەرتی کشتوکاڵ و بازرگانی و دروستکردنی دەرفەت بۆ کۆمپانیاکانی هەرێمی فلاندەرزی بەلجیکا لە هەرێمی کوردستان.

جێگەی ئاماژە پێدانە کە هەرێمی فلاندەرز مەزنترین هەرێمی بەلجیکایە و لە ڕووی سیاسی و ئابووری بەگرنگترین هەرێمی ئەورووپا هەژمار دەکرێت و پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەیە. یان یامبۆن پێشتر وەکوو جێگری سەرۆکوەزیرانی بەلجیکا و وەزیری ناوخۆ سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە.

هیچ رێککەوتنێکی کوردان بەبێ سەرۆک بارزانی سەر ناگرێت

پەرلەمانتارێکی هەدەپە: دەمانەوێت هەموو لایەنەکانی کورد بە پێشەنگایەتیی سەرۆک بارزانی کۆببنەوە



ئیهام تاشچەر، پەرلەمانتاری دیاری کورد، لە پەرلەمانی تورکیا لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) دەڵێت: هیچ رێککەوتنێکی کوردان بەبێ سەرۆك بارزانی سەر ناگرێت و پێویستە ئەو وەك پێشەنگێکی کوردان، هەموو کوردان کۆ بکاتەوە، چونکە کورد هیوای بە سەرۆك بارزانییە.

سەبارەت بە ئێستای رۆژهەڵاتی ناڤین کە لەبەردەم تەحەدیاتی گەورەدایە و پێگەی سیاسیی کورد لە جیۆپۆلتیکی ناوچەکە ئیهام تاشچەر دەڵێت: ئێستا هەموو هێزە ئیمپیراڵییەکانی جیهان لە رۆژهەڵاتی ناڤینن و دەیانەوێت دیزاینێکی بە دڵی خۆیان دروست بکەن، دەبێ کورد لەو جوڵانەوەیەدا رۆڵی گەورە بگێڕن، دەبێ یەکگرتوو و هاوهەڵوێست بن و تفاق و تەباییان هەبێت، دواتر دەتوانن رۆڵێکی زۆر گەورە لە ڕووی دیموکراسی و مافی گەلی کورد لە مافەکانیان لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا هەبێت، بەڵام جێگای داخە هەندێك تەکەتول لەنێو ئەم پرسەدا هەیە، بۆیەش تا چەند ساڵێکی تر ئەم کێشەیە بەردەوام دەبێت، ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناڤین پرسێك هەیە بە ناوی پرسی کورد، پێش ماوەیەك لافرۆژ، وەزیری دەرەوەی ڕووسیا گوتی، پرسی کورد لە سووریا نەك تەنیا پەیوەستە بە دەوڵەتی سووریاوە، بگرە پرسی تورکیا و ئێران و عێراقیشە، بۆیەش وەڵاتێکی وەك ڕووسیا ئەم شتە بڵێت، ئەوا مانای گەورەی لە پشتە، چونکە پرسی کورد گەورەیە لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا و ئاکتۆرێکی گەورەن، ئێستا نزیکەی ٥٠ ملیۆن کورد هەن و کورد قەوارەیەکی سیاسی و دەستووریشی هەیە، ئەویش هەرێمی کوردستانە، ئێستا هەرەشە لەسەر تەواوی کوردانە، بۆیەش دەبێ کورد پشتیوان و یەکگرتوو بن لە نێوخودا، بۆ ئەوەی بتوانن خاوەن دەستکەوت دەربکەون.

ئیهام تاشچەر لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ ماڵپەڕی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەبارەت بە مافەکانی کورد رایگەیاندووە: دەبێت کورد بگاتە مافەکانی و ئەگەر کورد بە مافی خۆی نەگات ئەوا سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناڤین پەیدا نابێت، چونکە کورد کاراکتەری سەرەکیی سەقامگیریی رۆژهەڵاتی ناڤینە و توانیی داعش کە دوژمنی تەواوی جیهانە لەنێو ببات و سەر بکەوێت. لەبارەی پێگەی سیاسی و دیپلۆماسیی کورد ئیهام تاشچەر گوتی: گومانی تێدا نییە، کورد حکوومەت و ستاتۆیەکی دەستووریی هەیە و شایانی ڕێز و پێزانینە و دەبێ ڕۆڵی پێشەنگایەتیی کورد بەردەوام بێت، ئەم ستاتۆیەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەیە پێشەنگایەتیی هەرچوار پارچەی کوردستان بکات، هاتنی سەرکردە سیاسییەکانی جیهان بۆ هەرێم واتای ئەوەیە ئەم ستاتۆیە قبووڵ دەکەن و دانوستاندن دەکەن لەسەر نامنامەی کورد و لەگەڵ سەرۆك بارزانی دانوستاندن لەسەر پێشهاتە سیاسییەکانی کورد لە ناوچەکە دەکەن، چونکە پرسی کورد پرسێکی نەتەوەییە، دەمانەوێت هەموو لایەنەکانی کورد بە پێشەنگایەتیی سەرۆك بارزانی لە یەك کۆ بنەوە و ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان یەکڕیزیی خۆی دیار بکات. ئیهام تاشچەر گوتیشی: بینیمان شانەدە دیپلۆماسییەکانی ئەمەریکا و وەڵاتانی جیهانی چۆن کەوتوونەتە بەر هەڕەشە لە بەغدا و هەموویان دێن بۆ لای کورد وەك چۆن بینیمان هەموو سەرکردە سیاسییەکانی دنیا دێن بۆ کوردستان، ئەمەش مانای هێزی کوردەکانە و بڕوایان بە کوردەکان و ئاشتی لە هەولێرە و ئێستا کورد بەنداوێکی دیاری ئاشتییە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین.

دەربارەی دانوستاندنی نێوان ئەنەکەسە و پەیەدە لە ڕۆژئاوای کوردستان، ئیهام تاشچەر گوتی: هەنگاوێکی گرنگە لە ڕۆژئاوا خەڵکی کوردستان بە تەواوەتی دڵیان خۆشە، لەو دانوستاندنانەدا هەردوولایان هەوڵی سەرۆك بارزانییان بەرز نرخاند بۆ یەکڕیزی و نزیکبوونەوەکانیان و ئەمەریکاش پاڵپشتییکردن و هەرکە کورد یەکبگرن، ئەوا دونیاش دەتوانێت پشتیوانییان دەکات، هیچ رێککەوتنێکی کوردان بەبێ سەرۆك بارزانی سەر ناگرێت و پێویستە سەرۆك بارزانی هەموو کوردان کۆبکاتەوە، وەك پێشەنگێکی کوردانە، چونکە هیوای کورد بە سەرۆك بارزانییە، ڕاستە ئەمەریکا دیزاینەری ناوچەکەیە و پێویستە ئەویش جێی خۆی بگرێت لەو رێککەوتنەدا، بەڵام ئەگەر سەرۆك بارزانی نەبێ ئەوا هیچ رێککەوتنێك نابێت، پێویستە ئەنەکەسە و پەیەدە و تەڤدەم و یەکێتی و پەکەکە و هەموویان بە پشتیوانیی خۆیان هێز بدەن بە سەرۆك بارزانی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی هاوکاری و پشتیوانیی گەلی کورد بکات لە دنیادا و کوردیش بە بەهێزی دەردەکەوێت بەرانبەر دونیا.

کاریگەریی لەسەر دیپلۆماسییەتی هەولێر ناکات، ئەوەی تائێستا پەیوەندییان پێوە کردووین و لە وەزارەتی ناوخۆش پەیام دەرچووە، هەموو لایەك پشتیوانییان لە پەیامەکە کردووە و ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر کونسوڵخانەکان نەبووە و بەردەوام لە پەیوەندییدایین لەگەڵیان، هەر نیگەرانییەکیان هەبێت وەك حکوومەت ئامادەین هاوکارییان بکەین، دوای ڕووداوەکەش دەستبەجێ پەیوەندییان بە کونسوڵخانەی ئەمەریکا و چەند کونسوڵخانەیەکی دیکەوە هەبووە، جگە لەوەش، هێزی هاوپەیمانان لێرە، لەگەڵ لایەنی تایبەتمەند لە پەیوەندیدا بوون، ئەوەی کە تایبەتمەندە بە کاری ئەمنی و سەربازییەوە ئەوە خەڵکی تایبەتمەند قسەیان لەگەڵ دەکەن و ئەمەریکا بە فەرمی پەیوەندییان کردووە و بۆ هەر هاوکارییەك ئامادەییان دەربیوە. ڕوونیشی کردەوە،: لەم کاتەدا حکوومەتی مستەفا کازمی هەوڵی داوە کاری باش بکات، بەڵام بەداخەوە بارودۆخی عێراق هی ئەوە نییە بتوانێت زۆر شت بکات، لەبەر ئەوە لەو ئان و ساتەدا گرژی و نەمانی نێردە دیپلۆماسییەکان لە بەغدا ڕەنگە لە بەرژەوەندیی عێراداق نەبێت و ڕەنگە ئاڵۆزیی دروست بکات، هیواداریین بەشێوەیەکی گونجاو ئەو نوێنەرایەتییانە گفتوگۆ لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە و سەرۆکوەزیران بکەن، بۆ ئەوەی لە مانەوەیان لە عێراق دڵنیا بکرێنەوە، چونکە دەرچوونیان لە عێراق خراپە و ڕەنگە عێراق نەتوانێت تەحەمولی دەرچوونیان بکات، بۆیە لایەنگری ئەوین، دەبێت بەشێوەیەکی مەنتقی و ئارام گفتوگۆ لەگەڵ ئەو پرسانە بکرێت.

لەبارەی کاردانەوەی سەربازی لەسەر هێرشەکەی هەولێر، دزەیی ڕاشیگەیاند: دەبێت بەغدا بەجدی کار بکات و قەناعەت بکات بە نوێنەرایەتیی وڵاتان، کە گیانیان پارێزراو دەبێت، ئامانجیش لە هێرشەکەی هەولێر دیار نییە و لێکۆڵینەوە دەکرێت، هیواداریین بە پیلان نەبێت، لە هەر حاڵەتێکدا حکوومەت سوورە لەسەر پاراستنی ئارامیی کوردستان.

سەفین دزەیی: بۆ پاراستنی ئاسایشی دیپلۆماتکاران و نوێنەرایەتییەکان هەموو هەنگاوێک دەگرینەبەر



بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، باس لە پاراستنی گیانی دیپلۆماتکاران لە کوردستان و عێراق دەکات و بە گرنگی دەزانێت، ئارامیی کوردستان و عێراق بپارێزرێت.

سەفین دزەیی، لە لێدوانێکدا بۆ (خەبات) گوتی: رێککەوتنێکی نێودەوڵەتی لەنێوان دەوڵەتەکان و رێککەوتنی جۆراوجۆریش لە دەوروزەمانی جیاواز هەیە، بەتاییەت رێککەوتنی ڤیەننا، بۆ پارێزبەندیی دیپلۆماتکاران، یان نوێنەرانی وڵاتان، کە بەشێوەی فەرمی لە هەر وڵاتێك نوێنەرایەتیی وڵاتی خۆیان دەکەن و کۆمەڵێك ڕێوشوێن و ڕێگا و یاسا هەیە، کە دەیانپارێزێت، ئەرکی وڵاتی خانەخوێیە ئەو ڕێسا و یاسایانە جێبەجێ بکات و هەموو هاوکاری و پارێزبەندی و ئاسایشێکیان بۆ فەراهەم بکات، تا هیچ زیانێکیان پێ نەگات، چ وەك تاك و چ وەك ئەو شوێنەی نوێنەرایەتیی وڵاتانی لێیە، کە کاری فەرمی ئەنجام دەدەن. ئەمە یاسای نێودەوڵەتییە و هەموو وڵاتان، واژۆیان کردووە و پێیەوە پابەندن و دەبێت گیانی دیپلۆماتکاران و نێردە دیپلۆماسییەکان بپارێزن، جا ئەمەش بۆ بەغدا و هەرێمی کوردستان دروستە، چونکە نێردەی دیپلۆماسی لە بەسرە و لە هەولێر و لە بەغداش هەین، بۆیە پاراستنی گیانی ئەم دیپلۆماتکارانە گرنگە.

گوتیشی: جێگای داخە ئەو هەڕەشە مەترسیبانە لەسەر نێردەی نێودەوڵەتی و کونسوڵی ئەمەریکا دەکرێت لە بەغدا، کار گەیشتە ئەوە ئەمەریکا ئامادەیی خۆی دەربڕی بە داخستنی سەفارەتی خۆی لە بەغدا، کە ئەوە زیانێکی یەکجار گەورەیە لە عێراق و لە ناوچەکەش، بەداخەوە ئەوە زیاتر تەنگەژە و ئاڵاوە دروست دەکات، بۆیە حکوومەتی عێراق دەبێت ئەوڵەویەتی کارەکانی پاراستنی دیپلۆماتکاران و نوێنەرایەتییەکان بێت و ڕێگا نەدات ئەو گرووپانەی خەریکی دروستکردنی ئاڵاوەن، لە ناوچەی سەوز نەمێنن، یان لە هەر شوێنێکی دیکە، کە دەبنە مایەی سەرئێشە بۆ هەموو عێراق، ئەوە ئەرکی سەرەکیی حکوومەتی عێراق و لایەنە ئەمنییەکانە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەتوندی ئیدانەی ئەو دەستدرێژییانەی لە بەغدا کردووە و ئامادەیی دەربڕی بۆ حکوومەتی عێراق، کە هەر هاوکارییەکی پێویست بێت، بۆ پاڵپشتیی دۆخەکە و گەڕانەوەی ئارامی، بەداخەوە ئەو ڕووداوەی لە دەشتی نەینەواوە چەند موشەکێك بەرەو ئاراستەی هەولێر هاوێشتران، خەڵکانێك لەو ناوچانە هێشتا باوەڕیان بە تووندوتیژی و ئاژاوەیە، خۆشبەختانە زەرەر و زیانی نەبوو، ئەوە دەستپێکێکی خراپە، ئەو ئەمن و ئاسایشەی کوردستان خەڵکانێك چاویان پێی هەڵنایەت، دەیانەوێت تێکی بدەن، بەڵام حکوومەتی هەرێم بۆ پاراستنی ئەمن و ئاسایش و نێردە دیپلۆماسییەکان و هێزەکانی هاوپەیمانان و سەروگیانی خەڵکی کوردستان بە تەواوی پێکهاتەکانەوە، هەموو هەنگاوێك دەگرێتەبەر.

لەبارەی هەبوونی سیستەمی پاتریۆت بۆ پارێزگاریی لە بنکەی هاوپەیمانان، دزەیی، دەڵێت: دوای ڕووداوەکانی بەغدا و دوای مانگی ١ی ئەمساڵ، بەڵێ ئەم سیستەمە لە بنکەی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ کۆی ناوچەکە دانراوە، یانی بۆ شوێنێکی دیاریکراو نییە، یان بۆ کونسوڵخانەیەك بێت، هەر دەستدرێژییەك بکرێت، بێگومان بۆ پاراستنی ناوچەکە دەبێ سوود لە سیستەمەکە وەربگیرێت. ئەوەشی خستەڕوو: ئەو هێرشانە

بە تۆمەتی دروستکردنی چەکی بێ ڕەسید

فەرمانی دەستگیرکردن بۆ وەزیری پێشووی گەیاندنی عێراق دەرکرا

دادگای لێکۆڵینەوەی کەرادە لە بەغدا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ وەزیری پێشووی گەیاندن لە حکوومەتی عێراق، نەعیم سەجیل یەسر دەکرد بە تۆمەتی دروستکردنی چەکی بێ ڕەسید.

ئەم فەرمانی دەستگیرکردنە، بە یەکەم فەرمانی دەستگیرکردن دادەنرێت کە بۆ یەکێك لە وەزیرانی حکوومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی دەربکرێت. بەپێی ماددەی ٤٥٩ لە یاسای سزادانی عێراق، هەر کەسێك مامەڵە بە چەکی بێ ڕەسید بکات بە بەندکردن لە سێ ساڵ کەمتر نەبێت لەگەڵ پێبژاردن بە پێنج هێندەی ڕەسیدی ئەو چەکەکەی مامەڵەی پێکردووە، سزا دەدەرێت.

لە میانی چەند ڕۆژی ڕابردوودا، دادگاکانی عێراق بە تۆمەتی گەندەڵی فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ ژمارەیەك بەرپرسی باڵا لە دامەزراوەکانی دەوڵەت دەکرد. سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی حکوومەتەکانی پێشوو لە عێراق بە بەرپرسیار دەزانێت لە گەندەڵی کارگێڕی و دارایی. بەهۆی ئەو خۆپیشاندانانەی کە لە تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردوو لە بەغدای پایتەخت و ژمارەیەك لە شارەکانی دیکەی عێراق بەڕێوەچوو، حکوومەتی پێشووی عێراق بە سەرۆکایەتی عادل عەبدولمەهدی ناچار بە دەستەکارکێشانەوە کرا.



بڕیارەکەی وەزارەتی دادی عێراق نەگەیشتووەتە کشتوکاڵی کەرکووک

بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کەرکووک: پێم وانییە بڕیارەکە کێشەی زەوییە کشتوکاڵییەکانی کەرکووک چارەسەر بکات



بەڕێوبەری کشتوکاڵیی کەرکووك، زوهەیر عەلی حسێن لەسەر بڕیارەکەی وەزیری دادی عێراق سەبارەت بە جێبەجێکردنی بڕیاری ساڵی ٢٠١٢ی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق تایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم بڕیارەکانی لیژنەی کاروباری باکوور کە بەگوێرەی بڕیارەکە بەشێکی زۆر لە زەوی کشتوکاڵیی جووتیارانی کورد و تورکمان لە سنووری ماددەی ١٤٠ دران بە هاوواڵتییانی عەربی هاورەدە ڕاگەیاند کە تا ئێستا ئەو بڕیارەی وەزیری دادیان بەدەست نەگەیشتووە و تا بەدەستانیش نەگات ناتوانین کاری پێ بکەین.

زوهێر عەلی حوسێن گوتی: پێم وانییە ئەو بڕیارەی وەزیری داد کێشەی زەوییە کشتوکاڵییەکانی کەرکووك چارەسەر بکات، چونکە ئەو کێشانە دێنە بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵیی کەرکووك و ئێمەیش لەسەر بنەمای بوونی تۆمارە فەرمییەکانمان مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین و بڕیارەکانی دادگا و دادوەرەکان ئەو زەوییە کێشەلەسەرانە چارەسەر دەکات.

بەڕێوبەری کشتوکاڵیی کەرکووك ئاماژە بۆ ئەوەیش دەکات کە ئەوان وەکو کشتوکاڵی کەرکووك لەسەر ڕێنمایی و بڕیارەکانی دەستەی گشتیی زەوییە کشتوکاڵییەکان لە وەزارەتی کشتوکاڵ کار دەکەن و بەپێی تۆمارەکانی بەڕێوبەرایەتییەکە و ڕاوێژ بە دەستەی گشتیی زەوییە کشتوکاڵییەکان دەکەن، چونکە تۆمارەکان بەگشتی لەلای ئەوانداڕ تۆمار کراون.

بەڕێوبەری کشتوکاڵیی کەرکووك، زوهەیر عەلی حسێن لەسەر بڕیارەکەی وەزیری دادی عێراق سەبارەت بە جێبەجێکردنی بڕیاری ساڵی ٢٠١٢ی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق تایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم بڕیارەکانی لیژنەی کاروباری باکوور کە بەگوێرەی بڕیارەکە بەشێکی زۆر لە زەوی کشتوکاڵیی جووتیارانی کورد و تورکمان لە سنووری ماددەی ١٤٠ دران بە هاوواڵتییانی عەربی هاورەدە ڕاگەیاند کە تا ئێستا ئەو بڕیارەی وەزیری دادیان بەدەست نەگەیشتووە و تا بەدەستانیش نەگات ناتوانین کاری پێ بکەین.

زوهێر عەلی حوسێن گوتی: پێم وانییە ئەو بڕیارەی وەزیری داد کێشەی زەوییە کشتوکاڵییەکانی کەرکووك چارەسەر بکات، چونکە ئەو کێشانە دێنە بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵیی کەرکووك و ئێمەیش لەسەر بنەمای بوونی تۆمارە فەرمییەکانمان مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین و بڕیارەکانی دادگا و دادوەرەکان ئەو زەوییە کێشەلەسەرانە چارەسەر دەکات. بەڕێوبەری کشتوکاڵیی کەرکووك ئاماژە بۆ ئەوەیش دەکات کە ئەوان وەکو کشتوکاڵی کەرکووك لەسەر ڕێنمایی و بڕیارەکانی دەستەی گشتیی زەوییە کشتوکاڵییەکان لە وەزارەتی کشتوکاڵ کار دەکەن و بەپێی تۆمارەکانی بەڕێوبەرایەتییەکە و ڕاوێژ بە دەستەی گشتیی زەوییە کشتوکاڵییەکان دەکەن، چونکە تۆمارەکان بەگشتی لەلای ئەوانداڕ تۆمار کراون.



ئیمانوئیل ماکرون:

ڕێکاری پێویست بۆ تێکەڵاوکردنی موسڵمانان بە سیستەمی عەلمانی فەرەنسا دەگرینەبەر

خەبات – مەریوان نەقشبەندی

ئیمانوئیل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا بەڵێنی گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویستی دژی فراوانبوونی مەودای دابڕینی موسڵمانانی وڵاتەکەی لەگەڵ سیستەمی عەلمانی فەرەنسا دا و تەنکیدی کردەوە کەوا لە سیستەمی خوێندن و پەروەردەوە دەستپێدەکات و بەچاودێریکردنی ئەو خەرجیانە کۆتایی دێت کە لەدەرەوە بۆ مزگەوت و سەنتەرە ئیسلامییەکانی فەرەنسا دێت.

ئیمانوئیل ماکرۆن دوای پەلامارداتی چەند فەرەنسییەك لەلایەن چەند ئیسلامییەکی تۆندڕۆ ئەم قسانەی کرد و گوتی: لە سەرتاسەری دنیا ئیسلام لە تەنگژەدایە و ئێمەش گەورەترین ڕەوەندی موسڵمانمان لە هەموو ئەوروپا لەخۆگرتووە کە کەمینەیەکی ٦ ملیۆن کەسییە و هێشتا وەك پێویست کارنەکراوە بۆ تێکەڵاوکردنی ئەم موسڵمانانە بە کۆمەڵگەی عەلمانی فەرەنسی و جۆرێك لە دابڕان دەبینین لەنێوان بەشێك لەو موسڵمانانە و سیستەمی کۆمەڵایەتی و عەلمانییەتی فەرەنسا بۆیە بەچەند ڕێکار و یاسایەك دەمانەوێ ئەم ڕەوشە ئاڵۆزەی موسڵمانان لە فەرەنسا ڕاست بکەینەوە و دەبێ هەتا کۆتایی ئەمساڵ ئەم ڕێوشوێنە یاساییانە بگرینەبەر:

یەکەم: چاودێریکردنی هەموو ڕێکخراو و یانە وەرزشی و کۆمەڵایەتییەکان ئیسلامییە داخراوەکان کە جگە لە موسڵمانان کەسی دیکە وەرناگرن.

دووەم: ڕێگەنەدان بە هیچ ئیمام و کەسایەتییەکی ئیسلامی کە لە دەرەوەی فەرەنسا بێتە وڵاتەکە و لە مزگەوت و ناوەندە ئیسلامییەکانی فەرەنسا وتار و وانە بڵێتەوە.

سێیەم: چاودێریکردنی ئەو پارەیەی کە لە دەرەوە دێت بۆ مزگەوتەکانی فەرەنسا.

چوارەم: چاودێریکردنی خوێندنی ئیسلامی لە ماڵەکاندا.

ئەم ڕێوشوێنانە بووەتە جێگەی نارەزایی بەشێك لە چالاکوان و بانگخوازە ئیسلامییەکانی فەرەنسا و وڵاتانی ئیسلامی و ئەم هەنگاوانەی ماکرۆن بەسنووردارکردنی ئازادییە گشتییەکان لە قەڵەم دەدەن و چاودێرانی سیاسیش بەهەوڵی ماکرۆن بۆ مسۆگەرکردنی پشتیوانی ڕاسیزمەکانی فەرەنسای دەزانن.

لقی 16 ڕێز لە 83 قوتابی یەکەمی سنووردار و بەڕێوەبەری قوتابخانەکان دەنێت



بەبۆنەی یادی سێ ساڵەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان و زیاتر هاندانی قوتابیان و مامۆستایان لەپێناو پێشخستنی کەرتی پەروەردەو خوێندن لەکوردستان , لەهۆڵی بۆنەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر بە ئامادەبوونی کاکەمین نەجارِ ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی ١٦ ی هەولێر و قایمقامی قەزای دەشتی هەولێرو خەبات و سکرتێری یەکێتی قوتابیان و بەرێوەبەری پەروەردەکان و ژمارەیەکی زۆر لەقوتابیان و مامۆستایانی سنووردار کە , لقی ١٦ ی هەولێر بەهەماهەنگی لێژنە ناوچەی زانست و لقی دەوروبەری هەولێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە مەراسیمێکدا ٨٣ قوتابی یەکەمی دوا فۆناغی ئامادەیی سنووردار کەی خەڵات کردوو سوپاس و پێزانینی بەخشییە بەرێوەبەری قوتابخانەکان . لەدەسپێکی مەراسیمەکەدا بەرپرسی لقی ١٦ ئاماژەی بە ریفراندۆمەکە پڕ لە سەروەرییەکەی ٢٥ ی ئەیلولدا کە تیایدا خەڵکی کوردستان بەتەواوی دەنگ و ڕەنگ و بەبێ جیاوازی ئایین و نەتەوەو ئینتماوە رووبان لە بنکەکانی دەنگدان کردو دەنگیان بۆ سەربەخۆیی کوردستاندا، هەربۆیە ئەو ڕۆژە لە دیرۆکی پڕ لە خەبات و قوربانیدانی میللەتەکەماندا هەر بەدروشاوەیی دەمێنێتەوە تاکو تەواوی ئامانجەکانی ریفراندۆم بەدیدێن و بەم بۆنەیەشەوە پیرۆزبایی گەرمی ئاراستەی قوتابیە یەکەمەکانی سنووردار کرد کەتوانییان بەشەونخونی و ماندووبوونی خۆیان و خانەوادەو مامۆستاکانیان ئەو نمرە بەرزانە بەدەستبهێنن و سوپاس و پێزانینی خۆیشی ئاراستەی تەواوی بەرێوەبەرو مامۆستایان کرد کە هەمیشە ماندوو نەناسانە لەسەنگەری پێشکەوتن و پرچەککردنی قوتابیان بوونە بەزانست و زانیاری هاوچەرخ . دواتر لەلایەن بەرپرسانی ئامادەبووەوە دیاری بەسەر ٨٣ قوتابی دابەشکرا کە لەئەزموونەکانی کۆتایی ساڵی رابردوودا نمرەی بەرزیان بەدەستهێنابوو , هەروەها سوپاس و پێزانینیش بەخشرایە بەرێوەبەری قوتابخانەکانی سنووردار کە .

بەرپرسی لقی دوو و جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق گفتوگۆکانی نێوان هەولێر و بەغدا تاوتوێ دەکەن



ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازی لە د.بەشیر خەلیل حەدداد جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق کرد. لەو دیدارەدا، دۆخی سیاسی و ئەمنی عێراق و ناوچەکە گفتوگۆیان لەبارەوە کرا لەگەڵ قەیرانی ئابووری و پەتای کۆرۆنا کە دۆخێکی سەختی لە عێراق دروستکردووە بە هەرێمی کوردستانیشەوە.

بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان ئومێدی کرد گفتوگۆکانی نێوان هەولێر و بەغدا ئەنجامی باشی بۆ خەڵکی عێراق و هەرێمی کوردستان لێ بکەوێتەوە. لە بەرامبەردا، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق دووپاتی کردەوە کە هێرشەکانی دوایی لەسەر باڵیۆزخانەی وڵاتان لە بەغدا، زیان بە پەیوەندیە دیبلۆماسی و ئابووریەکانی عێراق دەگەیەنێ.

11 پڕۆژە بە گوژمەی 43 ملیار دینار جێبەجێ دەکرێن



سەرپەرشتیاری پڕۆژەکانی زاخۆ رایگەیاند، ١١ پڕۆژەی نوێی گەورە لە قەزای زاخۆ بە گوژمەی ٤٣ملیار دینار دەست بە جێبەجێکردنیان دەکرێت، کە پڕۆژەی جۆراوجۆرن، جگە لەوەش ٢٦ پڕۆژە لە جێبەجێکردندان و بەشێکیان قۆناغی باشیان بڕیوە.

هێزا محەمەد، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی، ١١ پڕۆژەی گەورەی جۆراوجۆر لە زاخۆ جێبەجێ دەکرێن، کە هەر پڕۆژەیەك بە گوژمەی زیاتر لە ملیارێك دینار دروست دەکرێت، لە ئێستاشدا بەشێکی تەندرینی بۆ کراوە و بەشێکیشی لە قۆناغی تەندەرینداید، کە بە بڕی ٤٣ ملیار دینار جێبەجێ دەکرێن، هەر بۆیەش پارەکەی زۆرە و کراوەتە تەندەر.

محەمەد گوتیشی، پڕۆژەکان بریتین لە ڕێگاوبان و دروستکردنی قوتابخانە، پڕۆژەی پێشابوور بۆ دێرەبین، پڕۆژەی ئەندەرپاس و هەروەها دوو پڕۆژەی گەورەی شارەوانین، بۆیە کۆمەڵێك پڕۆژەی جۆراوجۆرن و کاریان لەسەر دەکرێت. ناوبراو باسی لەوەش کرد، ٢٦ پڕۆژەی بچووکیش لە سنووری قەزای زاخۆ ڕاستەوخۆ دەست بە جێبەجێکردنیان کراوە و لە ئێستادا لە قۆناغی جێبەجێکردندان.

پێش کۆتایی ئەم مانگە ڕێگای ڕۆڤیا کۆتایی دێت



بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوو ئۆتۆبانی دهۆك- هەولێر لە سنووری دهۆك کۆتایی بێت و سەرپەرشتیاری پڕۆژەکەش دەڵێت، تا ئێستا ٩٧٪ی پڕۆژەکە جێبەجێ کراوە و تەنیا ٣٪ی ماوە.

ئەندازیار ئاراس جەمال، سەرپەرشتیاری پڕۆژەی ڕێگای ڕۆڤیا، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: پڕۆژەی ئۆتۆبانی ڕۆڤیا بۆ پردی گوپاڵ درێژییەکەی ٢٢ کیلۆمەترە و لەلایەن کاڤین گرووپ جێبەجێ دەکرێت، تا ئێستا نزیکەی ٩٧٪ی پڕۆژەکەمان جێبەجێ کردووە و تەنیا ٣٪ی ماوە، ئەویش لە چەند ڕۆژی داهاتوو کۆتاییی دێت و پڕۆژەکە لە ٢٠ی ئەم مانگەوە ڕادەستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین.

سەرپەرشتیاری پڕۆژەی ڕێگای ڕۆڤیا دەشڵێت: ئۆتۆبانی دهۆك سێ چین قیرکراوە و چینی سێیەم بەرەو کۆتایی دەچێت، لەگەڵ هەموو مەرجەکانی ڕێگاوبان و سەلامەتی جێبەجێ دەکرێن و لەدوای ٢٠ی مانگەوە پڕۆژەکە بە تەواوەتی هیچ کێشەیەکی نامێنێت و ئامادەیە بۆ بەکارهێنان.

ئەندازیار ئاراس جەمال ڕوونی کردەوە: پڕۆژەی ڕێگای ڕۆڤیا بە ستانداردی جیهانی دروست کراوە و بە تەواوبوونیشی هەرێمی کوردستان دەچێتە قۆناغێکی دیکەی ڕێگاوبانەوە، بەتایبەتی ئۆتۆبانی هەولێر-دهۆك ڕێگاکە زۆر کورت دەکاتەوە بۆ هاوڵاتیان و دەتوانن ڕێگایەکی سەلامەت بەکار بێنن.

لە شەش ناحیەی ئامێدی 112 پڕۆژە جێبەجێ دەکرێن



ئیسماعیل مستەفا، قایمقامی ئامێدی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: بۆ هەر شەش ناحیە و سەنتەری قەزای ئامێدی، ١١٢ پڕۆژەی جۆراوجۆر جێبەجێ دەکرێن و بەشێك لە پڕۆژەکان کەوتوونەتە بواری جێبەجێکردن و ئەوانەی ماویشن لە ئایندەدا دەخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە، کە پڕۆژەکانیش پێك هاتوون لە ئاو، کارەبا، ڕێگاوبان، قوتابخانە و نەخۆشخانە.

مستەفا جەختیشی کردەوە: حکوومەت بڕی ٢٨ ملیار دیناری بۆ سنووری ئامێدی تەرخان کردوە و بە تەواوبوونی پڕۆژەکانیش ناوچەی ئامێدی دەچێتە قۆناغێکی دیکەی ئاوەدانی و سوودی بەرچاوی بۆ هاوڵاتیانی سنووردار دەبێت.

چەند ناوچەیەکی دیکەی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان دروستدەکرێن



سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، بڕیارە لەم مانگەدا لە سنووری هەولێر دەست بەدروستکردنی چەندین ناوچەی پیشەسازی بکرێت، کە گرنگیی زۆریدەبێت بۆ هەرێمی کوردستان و لەمەودوا زیاتر بایەخ بە کەرتی پیشەسازی دەدرێت.

د. محەمەد شوکری، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانگوتی، کارکردن لە ناوچەی پیشەسازیی دهۆك بەردەوامە و هێشتا تەوا نەبووە، ئەوەی هەولێریش لەم مانگەدا دەستی پێدەکرێت، هەروەها لە ڕاپەڕین و سلێمانی و هەڵەبجە سەرقاڵی تەرخانکردنی زەوین بۆیان و هەرکاتێك تەرخانکردنی زەوی کۆتایی هات، دەست بە دروستکردنیئەوانیش دەکرێت.

شوکری گوتیشی: ناوچەی پیشەسازیی هەولێر، لەسەر ڕووبەری ٢٥٠٠ دۆنم دروست دەکرێت و هەروەها ناوچەیەکی دیکەش لە کانی قرژاڵە دروست دەکرێت، کە ئەویش ٤ هەزار دۆنمە و زیندوو دەکرێتەوە، کە پێشتر هەندێك کاری تێداکراوە و ئێستا جارێکی دیکە کاری تێدادەکرێتەوە، جگە لەوەش، لە نزیك کەورگۆسك ناوچەیەکی دیکە لەسەر٤٠٠ دۆنم دروست دەکرێت، کە ناوچەی داودەرمان ناسراوە و ئەو یشپێشتر کاری تێدا کرا بوو و دووبارە دەست بە کارکردن تێدا دەکرێتەوە،کە دەبێتە شوێنی کارگەکانی دەرمان و بەرهەمهێنانی دەرمان وپێداویستیی پزیشکی، ئەمانە هەمووی گرنگن، بۆیە لەمەودوا زیاتر بایەخ بە ناوچەی پیشەسازی دەدەین.

چەندین پڕۆژەی کارەبا جێبەجێ کراون و چەندین پڕۆژەی دیکەش لە جێبەجێکردندان



بەڕێوەبەری کارەبای هەولێر، حوسێن حەمەد، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: بەپێی ئەو خشتەیەی دانراوە ئێستا بەگشتی ڕۆژانە ١٩ سەعات کارەبای نیشتمانی دەدرێتە هاوڵاتیان و لەبەر ئەوەی خواست لەسەر کارەبا کەم بووەتەوە پێشبینی دەکرێت لەم وەرزەدا سەعاتەکانی کارەبا زیاتریش بێت و هەموو هەوڵێکیش دەدەین زۆرترین سەعاتی کارەبا بدەینە هاوڵاتیان.

حوسێن حەمەد گوتیشی: چەندین پڕۆژەی کارەبا لە سنووری هەولێر جێبەجێ کراون و کەوتوونەتە کار و لەجێبەجێکردندان، لەوانەی وێستگەی شێروان مەزن و وێستگەی مۆنۆمێنتی شەهیدان لە کەسنەزان و وێستگەی نازادیی نوێ لە هەولێر و چەند پڕۆژەی دیکە لە جێبەجێکردندان، وەکو وێستگەی موبایل شەمامك و وێستگەی موبایل دارەشەکران و چەندین پڕۆژەی دیکەی جێبەجێ دەکرێن و کاریان تێدا دەکرێت، ئەمەش وا دەکات گرفتەکە چارەسەر بکات.



ل دەروازەیێ ئیبراهیم خەلیل دەست بسەر پتر ژ 12 کیلوێن زێری هاتنەکرن

خەبات- زاخۆ: کۆمەلگەها دەروازەیێ نێڤدەولەتیێ یا ئیبراهیم خەلیل ڕاگەهاند: دەست بسەر پتر ژ ١٢ کیلوێن زێری دا هاتیە گرتن کو هەولددان ب قاچاغی بنە دەرڤەی کوردستانێ کۆمەلگەها دەروازەیێ نێڤدەولەتیێ ئیبراهیم خەلیل د بەیاننامەیەکێ دا، دانیەك ژێ گەهشتیە ڕوژناما خەبات، ڕاگەهاند: ل ڕێکەفت ٢٠٢٠\٩\٢٩ ل کۆمەلگەها دەروازەیێ نیڤ دەولەتیێ ئیبراهیم خەلیل دەست بسەر دوازدە کێلو و نیڤێن زێڕاندا هاتە گرتن کو بزاڤ هاتبوکرن ب ڕێیا قاچاخ ببەنە دەرڤەیی ولاتی. دیارکر، ئەڤ دوسیە بو دادگەهێ هاتە ڕەوانەکرن.

هەوڵدەدرێت هەورامان لە یونسکۆ تۆماربکرێت



لێژنەیەك لە یونسکۆ سەردانی هەورامانی رۆژهەڵاتی کوردستانی کردووە، بۆ ئەوەی دوا هەڵسەنگاندنیان بۆ تۆماری جیهانی ئەو ناوچەیە بکەن. بەرپرسانی ئەو پارێزگایە دەڵێن: هەموو ئامادەکارییەك بۆ تۆماركردنی هەورامان لە یونسکۆ کراوە.

هەنگاوەکان بۆ تۆماركردنی هەورامان لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ریزبەندی تۆماری ناوچە شوێنەوارییەکانی یونسکۆ دەستپێکردووە. بەرپرسانی پارێزگای سنە دەڵێن: لە یونسکۆ گرنگییەکی زۆر بە دۆسییەی هەورامان دەدەن و هەنگاوەکان خێران و پێدەچێ لەماوەیەکی کورتدا دوا بڕیار بدرێت. حوسێن تاڵبی، جێگری وەزیری میرات و کەلەپووری ئێران گوتی: هەورامان یەکێك لەدۆسییە گەورەکانی بەردەم یونسکۆیە، چونکە پانتایی هەورامان زیاتر لە ٤٠٩ هەزار هێکتارە، هەربۆیەش رووی نیشتەنی و نێودەوڵەتیشی هەیە، ئێمە زیاتر لە سااڵی رابردووەوە دۆسییەکەمان بۆ یونسکۆ ناردووە. کارناسە نێودەوڵەتییەکان دۆسییەکە دەخوێننەوەو قسەی خۆیان لەسەر دەکەن. ئێستا قۆناغی یەکەم تەواو بووە. پرسیارەکان کراون و وەاڵم دراونەتەوە. هەر ماوە لە کۆبوونەوەی گشتیدا دوا بڕیار بدەن. فەرهاد عەزیزی، بەڕێوەبەری گشتی ناوەندی میراتی کەلتووری ئێران گوتی: دوای سااڵێك، کە دۆسییەی هەورامان گەیشتە یونسکۆ، ئەو ڕێکخراوە نوێنەری تایبەتی خۆی بۆ هەورامان ناردووە، بۆ ئەوەی سەردانێکی مەیدانیی بکەن. شاندەکەی یونسکۆ سەرسوڕمانی خۆیان لە تایبەتمەندییەکانی ناوچەکە نیشانداوە؛ بەاڵم دوا بڕیار لەاليەن کۆبوونەوەی گشتی لە یونسکۆ دەدرێت. هەورامان ناوچەیەکی گەشتیاری سەرنجڕاکێشە، کە بەشە بەرفراوانەکەی کەوتووەتە ڕۆژهەاڵتی کوردستان و بە هەورامانی تەخت ناوبانگی دەرکردووە . بەشەکەی دیکەشی لە باشووری کوردستان بە هەورامانی سەخت ناسراوە. هەروەها مێژوویی ناوچەکە، کەلتور، داب و نەریتی کۆنی کوردەواری و هاوکات ژینگەپارێزی خەڵکەکەی سێ هۆکاری سەرەکین، تاوەکو یونسکۆ گرنگی پێبدات و بڕیاریشە ئەمساڵ دوا بڕیار لەسەر تۆماری جیهانی بدرێت

چاکسازی لە لیستی 18000 زیندانیی سیاسی دەکرێت

بەپێی یاسای زیندانییانی سیاسی، ئەوانەی لەسەر پرسی سیاسی لە سەردەمی حکوومەتەکانی پێشووی عێراقدا زیندانی کرابن مینحەی مانگانەیان بۆ دەبڕێتەوە و جێگری سەرۆکی لێژنەی شەهیدان و زیندانییانی سیاسی لە پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای کرد، هەژدەهەزار کەس کۆدیان هەیە، بەاڵم تا پاکسازی نەکرێت، مینحەیان بۆ خەرج ناکرێت. ژیان تاهر، جێگری سەرۆکی لێژنەی شەهیدان و زیندانییانی سیاسی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان ١٨ هەزار کەس وەك زیندانی سیاسی فایلیان هەیە و کۆدیان بۆ دیاری کراوە، بەاڵم تا ئێستا حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕەزامەندیی لەسەر خەرجکردنی مینحەی مانگانە بۆ ئەو ١٨هەزار زیندانییە سیاسییە نەداوە، چونکە پاکسازی لە لیستی زیندانییانی سیاسیدا دەکرێت.

لە هەرێمی کوردستان تەنیا ٥١٥٧ زیندانیی سیاسی مینحەی مانگانەیان بۆ خەرج دەکرێت و بەهۆی تەواوبوونی کاتی مینحەی زیندانییان کە بۆ ماوەی ١٠ ساڵە بەپێی یاسا مینحەی زۆربەیان ڕاگیراوە، هۆکارەکەیشی بۆ دوو مووچەیی دەگەڕێتەوە.

جێگری سەرۆکی لێژنەی شەهیدان و زیندانییانی سیاسی دەڵێت: هۆکاری دواکەوتنی خەرجکردنی مینحە بۆ زیندانییانی سیاسی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گەندەڵییەکی زۆر لە مامەڵەی زیندانییانی سیاسیدا کراوە و گومان دەکرێت خەڵکێك وەك زیندانی سیاسی تۆمار کرابێت و زیندانییش نەکرابێت.

ژیان تاهر ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: یەکێکە لە بەرنامەکانی چاکسازی خۆی لە پاکسازی و چاکسازی لە لیستی شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسیدا دەبینێتەوە، تا ئەوکاتەی چاکسازی لە لیستی ئەوانەدا نەکرێت لەاليەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە هیچ مینحە و مووچەیەکی نوێیان بۆ خەرج ناکرێت.



150 هزار گۆل دێ ل باژێرێ دهۆکێ هێنەچاندن



ڕێڤەبەرێ ئەندازەیا پارکان ل دهۆکێ دیار کر کو هەموو ڤەدیتن بۆ چێکرنا پارکا ئالۆکا ل باژێرێ دهۆکێ ب دوومااهی هاتینە کو دێ ل سەر ڕووبەرێ ٦٥٠ دۆنەمێن ئەردی هێتە چێکرن و گوت: ل دەستپێکا هەیڤا بهێت ئانکو پشتی چەند ڕۆژێن دی دێ دەست ب چاندنا ١٥٠ هزار گۆلێن وەرزی د ناڤ سەنتەرێ باژیرێ دهۆکێ دا کەین.

هۆگر ئیسالم، ڕێڤەبەرێ ئەندازەیا پارکان ل دهۆکێ بۆ ماڵپەرێ فەرمیێ پارتی دیموکراتی کوردستان ئاشکرا کر کو د هەیاما بۆری دا ژ بەر گرتنەبەرا ڕێکارێن ساخلەمێ بۆ خوە پاراستن ژ ڤایرۆسی کۆرۆنایێ ئەو نەشیاینە وەکو پێدڤی کارێ خوە ئەنجام بدەن، بەلێ سەرەڕایی ڤێ چەندێ هەر ژ دەستپێکا سالا ٢٠٢٠ و هەتا نوکە وان ٢٩ هزار ٣٣٦ گۆلێن هەردەم و ١٨٠ هزار گۆلێن وەرزی ل باژێرێ دهۆکێ چاندینە و ل دەستپێکا هەیڤا ئوکتوبەرا ئەڤ سالە ئانکو پشتی چەند ڕۆژێن دی دێ ١٥٠ هزار گۆلێن دی بێن وەرزی ل باژێرێ دهۆکێ چینن و هەمی بەرهەڤی بۆ ڤێ مەرەمێ کرینە و گوت: نوکە مە دەست ب چاندنا ژمارەکا بەرچاڤ یا داران ژی ل ئۆقەرپاسا جادا بارزان ل نێزیك فەرماندا دهۆك کریە.

ناڤهاتی ئاماژە دا وێ چەندێ کو ١٦٠ پارك و باخچە ل سەنتەرێ باژیرێ دهۆکێ هەنە و هەمی ل ژێر چاڤدێریا ڕێڤەبەریا وان دهێنە ب ڕێڤەبرن و د خزمەتا وەلاتی و گەشتیاران دانە و گوت: ڕێژا کەسکاتی ل باژیرێ دهۆکێ د دەمێ کێمتر ژ ١٠ ساڵێن بۆری دا بتنێ ٣,٨٪ بوو، بەلێ ب هاریکاری و پشتەڤانیا هەمی لایەنێن پەیوەندیدار دگەل مە دا نوکە ئەڤ ڕێژە بوویە ١٤٪. لێ ئەم پێدڤی ب چێکرنا ١٦٠ باخچە و پارکێن دی نە هەتا ئەڤ ڕێژە دگەهێتە ٢١٪ کو ڕێژا ستاندارتە بۆ باژێرێ دهۆکێ و مە پلانێن باش ژی بۆ ڤێ مەرەمێ دانایە، لێ چەند ڕووبەرێ باژیرێ دهۆکێ بەرفرەهتر لێ بهێت بێگومان دڤێت ئەو ڕێژا مە دیار لێ هەتا نوکە ژ بەر قەیرانا دارایی یا سەر ب هەرێما کوردستانێ دا هاتی ئەو نەشیاینە دەست ب چێکرنا وێ پارکێ بکەن، چونکو ل دووڤ دووماهی ڤەدیتنا وان بۆ وێ پارکێ کری نێزیکی ١٤٠ ملیۆن دۆالران دێ لێ هێنە مەزاختن، سەرەڕایی ڤێ چەندێ پارکەکا مەزن دێ ل جهێ پیشەسازیا ترۆمبێالن ل تاخێ بەرۆشکێ یێ د ناڤ سەنتەرێ باژیرێ دهۆکێ ژی دا هێتە چێکرن و ل دەمەکێ نێزیك هەمی ڤەدیتن دێ ژ الیێ وان ڤە بۆ وێ پارکێ ژی هێنە کرن.

پۆلیسی هەولێر: باندێکی ساختەکردنی زێڕ دەستگیرکران



لە ڕاگەیەنراوێکی پۆلیسی هەولێردا هاتووە، هێزەکانیان توانیان باندێکی حەوت کەسی دەستگیر بکەن، زێڕ ساختە دروست دەکرد و دواتر بە زێڕنگرەکان دەیانفرۆشتەوە. بەشی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان/ نووسینگەی عەنکاوە، پاش ئاگادارکردنەوەیان کەوا چەند کەسێك لە شارۆچکەی عەنکاوە زێڕ ساختە دەکەن و دواتر بە زێڕنگرەکانی دەفرۆشن، دەستبەجێ تیمێکی لێکۆڵینەوەیان پێکهێنا و دوای بەدواداچوونێکی ورد و بەدەستهێنانی زانیاری، تواناییان ٧ تۆمەتبار بە ناوەکانی (هـ.ك.ج). و (ا.ا.م). و (ص.ك.ج). و (ع.م.ق). و (ع.ع.ف). و (ع.م.ع). و (ح.س.ع). دەستگیر بکەن. تۆمەتباران، دانیان نا بە تاوانەکەیاندا و بە بڕیاری دادوەر و بەپێی ماددە (٤٥٦). لە یاسای سزادان، ڕاگیران و ڕووبەڕووی دادگا کرانەوە.

پرسەنامە

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێزان، خانەوادەی شەهید حەمید کاوانی

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هاوژینی شەهید(حەمید کاوانی)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین.

لە خودای گەورە داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامی بە خانەوادە بەڕێزەکەتان و تەواوی کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی شەهاب سااڵح محەمەد

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی شەهاب سااڵح محەمەد ناسراو بە(شەهاب گەردێ)یان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە نیشتیمانپەروەر و بەڕێزەکەتان و تەواوی خزم و دۆست و کەسوکارتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی کاکە شەهاب سااڵح بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی موقەدەم عومەر ئەنوەر حەمەد،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی(موقەدەم عومەر ئەنوەر حەمەد)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین، خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین. لەخودای گەورە داواکارین گیانی موقەدەم عومەر ئەنوەر حەمەد بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی خوالێخۆشبوو رائید سەلیم عەلی شەمێرانی،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی گوڵان، رائید(سەلیم عەلی شەمێرانی)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان و خزم و دۆست و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای مەزن داواکارین سەبوری بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێز، کاك شاهۆ محەمەدئەمین تاوگۆزی،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی گوڵان و کەسایەتی دیاری تاوگۆزی (حاجی محەمەدئەمین)ی باوکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین.

لە خودای مەزن داواکارین گیانی خوالێخۆشبووی باوکتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی عوسمان فەتاح هەورامی،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری هەورامان (عوسمان فەتاح هەورامی)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای مەزن داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو عوسمان فەتاح هەورامی بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی خوالێخۆشبوو نایف عەبدولقادر مستەفا

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و هەڵگری مەدالیای بارزانیی(نایف عەبدولقادر مستەفا) مان پێگەیشت. خوالێخۆشبوو نایف عەبدولقادر مستەفا یەکێك لە پێشمەرگە قارەمان و دڵسۆزەکانی ڕێبازی کوردایەتی بوو. بەم بۆنەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەی و خزم و کەسوکاری و هاوەاڵنی دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو نایف عەبدولقادر مستەفا بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بەڕێزان خانەوادەی هەڤاڵی تێکۆشەر شڤان شێخۆ

خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی و کادیری دڵسۆز و لێهاتووی دەڤەری زاخۆ و کارگێڕی لقی ٨ـی پارتیمان، هەڤاڵی تێکۆشەر (شڤان شێخۆ). بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و تەواوی خانەوادە و کەسوکار و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو و سەرجەم هەڤاڵانی لقی هەشت دەکەین و هاوبەشی خەم و پەژارەتانین. لە خودای گەورە داواکارین سەبوری بە هەموولایەك ببەخشێت و گیانی هەڤاڵی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی

***

بەڕێزان/ خانەوادەی هەڤاڵی میدیاکار (کامەران مەرعی).

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی ناوادەی هاوکار و میدیاکاری لێهاتوو (کامەران مەرعی).مان بیست، بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و کەسوکار و سەرجەم ڕاگەیاندنکار و هەڤاڵانی دەکەین و، بە هاوبەشی خەمتانین. میدیاکار (کامەران مەرعی)، وەك کەسایەتیەکی بەتوانا و شارەزا، نزیکەی بیست ساڵ لە بواری ڕاگەیاندن دڵسۆزانە کاری کردووە و جێدەست و ڕۆڵی کارای لەو ڕووەوە دیار و بەرچاو بوو. ئومێدەوارین هاوسۆزیی و هاوخەمیی هەڤاڵان و دۆست و میدیاکاران بۆ دوا کۆچی هەڤاڵی کۆچکردوو بێتە مایەی دڵنەوایی و سەبووری ئێوە و ئێمە و هەموو الیەك. جارێکی دیکە پرسە و سەرەخۆشی خۆمات دووپات دەکەینەوە و لەخودای گەورە داواکارین سەبووری بەهەموو الیەك ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بەبەهەشتی بەرین شاد بکات.

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

***

بۆ مالپاتا خودێ ژێ رازی (کامیران مەرعی)

گەلەك خەمبار بووین ب مالئاڤاهیا کادرێ دلسوز و میدیاکارێ بەرنیاس و ژێهاتیێ پارێزگەها دهۆك خودێ ژێ رازی (کامیران مەرعی) کاك کامیران مەرعی خزمەتەکا مەزن کر ل بیاڤێ ڕاگەهاندنێ دا ژبۆ خزمەتکرنا گەلێ خۆ ئەم وەکو لقا ٩ پارتی دیموکراتی کوردستان خۆ ب شریکێ خەما مالپاتا خودێ ژێ رازی دزانین و ل خودایێ مەزن و دلوڤان هیڤی خازی جهێ ڕەحمەتی ب بحەشتا بەرین شاد بکەت و سەبرو هەدارێ بدەتە هەمی لایەکی .

.....

بۆ مالپاتا خودێ ژێ رازی (شڤان شێخو)

ب خەم وکوڤانەك مەزن خەبەرێ مالئاڤاهیا کارگێرێ لقا ٨ خودا ژێ رازی (شڤان شێخو). گەهشتمە . ژ دەست دانا کاك شڤانێ خەباتکار و دلسۆزێ ڕێبازا پیرۆزا بارزانیێ نەمر خەسارەتەکا مەزنە و کارو چالاکییێن وی لبەرچاڤبوون ل سنووردێ لقێ ٨ پارتامە. خۆ ب شریکێ خەما هەوە دزانین و سەرەخوشیێ ل مالبات و کەس و کار و هەڤال و هەڤچەپەرێن کاك شڤانی دکەین . ژ خودێ مەزن هیڤی خازین جهێ ڕەحمەتی ب بەهشتا بەرین شاد بکەت و سەبر و هەدارێ بدەتە هەمی لایەکی .

انا لله وانا الیه راجعون

لقا ٩





بارزان مەلا خالید دەنگە زوڵاڵەکەی شۆڕش

خەبات : تریفە ئازاد

ئەمڕۆ چلەی کۆچی دوایی بارزان مەلاخالد یاد دەکەینەوە، ئەو پێشمەرگە و ڕاگەیاندکار و بیژەری شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان کە هەموو ژیانی خۆی بۆ خەبات و پێشمەرگایەتی ڕێبازی بارزانی تەرخان کردبوو. بارزان مەلاخالد تێکۆشەرێکی ماندوو نەناسی گەلەکەمان بوو، هەڤاڵ و هاوکار و هاوپیشەی ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسان بوو. بیژەرێکی ناسرا و سەرکەوتووی ئێزگەی دەنگی کوردستان بووە. دەنگ و لێدوانەکانی بارزان مەلاخالید لە ئێزگەی دەنگی کوردستاندا هەمیشە هێز و مۆرالێکی تایبەت و ناوازەی بە پێشمەرگە و تەواوی خەڵکی کوردستان دەبەخشی. دەنگ و لێدوانەکانی بارزان مەلاخالد لە ئێزگەی دەنگی کوردستاندا بارتەقای فیشەکی سەرکەوتنی پێشمەرگە بووە بەرامبەر دوژمنانی کورد و کوردستان. کۆچی دوایی بارزان مەلاخالد کۆستێکی گەورەیە لە نێو میدیای شۆڕش و شۆڕش گێریدا. ماڵ ئاوا خاڵە بارزان دڵنیابە ئەمڕۆ ڕۆڵەکانی کوردستان لە سەر ڕێبازی بارزانی نەمر بەردەوامی دەدەن بە خەبات و بەرخودان تاکو ڕۆژی سەربەخۆیی.

هەمیشە منداڵەکانی بە قەدەرێکی نادیار دەسپارد

لێزمە بارزان مەلا خالید لە بارەی خەبات و تێکۆشانی باوکی بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: بۆمن سەختە پێناسەی خەباتی پیاوێك بكەم بەقەد باڵای خەم و ئازاری نەتەوەكەی كردبووە شا و هیچ كات نەیدەتوانی بە بێ ئازاری میللەتەكەی هەڵبكات پیاوێك كە خۆی لە هەناوی شۆڕش و خەبات لە دایك بوو،هەر ئەو ڕۆژەش ناو نرا باران هەر لەم ڕۆژە تێكەڵ بە خەبات بوو من زۆر جار گووتوومە باوكم خەمی نەتەوەكەی كردە شان و هەموو جار ئێمەی بە دەستی قەدەرێكی نادیار دەسپارد كێ دەیتوانی كارێكی وا بكات مەگەر تەنها ئەو كەسەنەبێت كە خەبات و شۆرش بۆ ڕزگاری نەتەوەیەكی ژێر دەستی نَەكردبێتە ئامانج ,خەبات و تێكۆشان ئەو دوو وشە سادە و ساكارە نین كە بتوانین بە ئاسانی باسیان بكەین دەبێت





بارزان خالید عەزیز، ناسراو بە (بارزانی مەلا خالیدی) ساڵی ١٩٤٥ لە گوندی مورتكەی گەورە لە ناوچەی قوشتەپە سەربە پارێزگای هەولێر لەدایك بووە. باوكی مەلایەكی نیشتمانپەروەر و نزیك بە مەلا مستەفا بارزانی بووە و ناوبراو بەهۆی خوشەویستییەك كە بۆ بارزانی هەبووە، ناوی كوڕەكەی خۆی كردۆتە بارزان. بارزان خوێندنی سەرەتایی لە گوندی مورتكە و ناوەندیی لە هەولێر تەواو كردوە و لە كۆتایی خوێندنی دواناوەندیدا بووە، كە لە بەهاری ساڵی ١٩٦٦دا چووەتە ڕیزی پێشمەرگەكانی بەتالیۆنی دووی سەر بەهێزی سەفین لە لقی چواری دەشتی هەولێر كە فەرماندەكەی عەریف عوسمان یوسف بووە. **ساڵی ١٩٦٧ بۆ ماوەی ساڵێك مامۆستای شۆڕش بووە. لەم بارەیەوە دەڵێت:**

- بارزان مەلاخالید بەرلەكۆچی دوایی لە دیمانەیەكدا خۆی دەگێڕێتەوە: (عەریف عوسمان یوسف لە مانگی نیسانی ١٩٦٧ كە لەنێوان شۆڕش و حكومەتدا وتووێژ هەبوو، بانگی منی كرد و گوتی: بارزان ئەو هەموو منداڵە لە كۆڵان دەخولێنەوە، بۆچی نایەی كۆیان بكەیەوە و لێرە لە «پیرەر»، بەلایەنی كەمەوە فێری ئەلف و بێیان بكەی و منیش پێداویستییەكانت بۆ دابین دەكەم. خوێندكارێكی تریش هەبوو بەناوی یاسین قادر كە ساڵی ١٩٧٨ شەهید بوو. ئێمە منداڵەكانمان كۆكردەوە، ژمارەیان ٤٠ كەس بوو، تا كۆتایی ئەو ساڵە، واتە خوێندنی ١٩٦٦-١٩٦٧ لە سەردەمی وتووێژەكاندا حكومەت خوێندنگەیەكی لە «باوەقۆق» دروستكرد، باوەقوق و پیرەر دۆڵێكیان لەنێوان دایە. ئێمە خوێندنگەكەمان بردە باوەقوق و خوێندكارەكانمان تێكەڵكردن و بەیەكەوە وانەمان پێگوتن.)

پاییزی ساڵی ١٩٦٨، بارزانی مەلا خالیدی گواستراوەتەوە بۆ ڕادیۆ دەنگی كوردستانی عێراق كە بنكەكەی لە ئەشكەوتی «سەردێ» لە نزیك قەسرێ لە ناوچەی حاجی ئۆمەران بووە. تا واژۆ كردنی ڕێككەوتنی ١١ی ئازار لە ڕادیۆ كاری بیژەری كردوە و خوێندنەوەی هەواڵ و ڕووداوەكانی ڕادیۆشی لە ئەستۆ بووە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (ڕادیۆكەمان بە دوای ڕێككەوتی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ داخرا و من لە ساڵی ١٩٧١وە تا ساڵی ١٩٧٤ كرام بەكارمەند لە قایمقامییەتی قەزای ناوەندیی هەولێردا و لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤دا سەرلەنوێ سەركردایەتی پارتی بریاریدا ڕادیۆ دامەزرێتەوە و من بە ئەمری مەكتەبی سیاسی وەك كادیری ڕادیۆ گەڕامەوە بۆ ڕادیۆ كە ڕادیۆ بەكار بخەمەوە و لەگەڵ یەكەم تەقەی ڕژێمی عێراق بە دژی گەلی كورد، ڕادیۆكەمان دەستی بەكار كردەوە.)

بارزانی مەلا خالید، ئەم جارە ئەركی سەرۆكایەتی بەشی كوردی سۆرانی بیژەرانی ڕادیۆی پێسپێردراوە و بۆخۆشی هەواڵەكانی ڕادیۆی خوێندۆتەوە. ساڵی ١٩٧٥ كە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا، ناوبراو چووەتە مهاباد و لەوێوە ڕژێمی ئێران گواستویەتەوە بۆ لاهیجان لە پارێزگای گیلان. دوای ماوەیەكی كورت لەو جێیە، ڕۆژی ١٩٧٥/١٠/٢٠ ئێرانی بەجێهێشتوە و گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لەوێوە گواستویانەتەوە بۆ پارێزگای ڕۆمادی و لە فەلوجە نیشتەجێیان كردوە.

بەهاری ساڵی ١٩٧٩ لە فەلوجەوە گەڕاوەتەوە بۆ ڕیزەكانی شۆڕش و لە حیزبی سۆسیالیستی كوردستاندا كراوە بە بەرپرسی ڕاگەیاندن. ساڵی ١٩٨٢ سەرلەنوێ سەنگەری خۆی گواستۆتەوە بۆ ڕیزەكانی پارتی دیموكرات و كراوە بە ئەندامی مەكتەبی ڕاگەیاندنی پارتی و بەرپرسی بەشی كوردی «سۆرانی» ڕادیۆ دەنگی كوردستان و سەرەڕای نوسین وتار، پەخشان و شیعر، بەشەكانی دەنگوباس و لێدوانی سیاسی لە ئەستۆ بووە. تا ساڵی ١٩٨٥ لە ڕادیۆ دەنگی كوردستان لە خنێرە و ناوچەی هەڵەج و شەقڵاوەی سەربە ناوچەی ورمێ خەباتی كردوە و ساڵی ١٩٨٦ گواستراوەتەوە بۆ لقی دووی پارتی دیموكرات و كراوە بە كارگێڕی لق و لە ناوچەی لۆلان و شێخ وەسانان بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی لقی دوو بووە و وەك خۆی دەڵێت مانگانە بەتەنیا گۆڤاری سەفینم بڵاوەدەكردەوە.

لە كۆتایی ساڵی ١٩٨٨وە تا ساڵی ١٩٩٠ نوێنەری پارتی دیموكرات بووە لە بەشی ڕاگەیاندنی بەرەی كوردستانیدا و بە هاوكاری لەگەڵ نوێنەری حیزبەكانی بەشدار لە بەرەی كوردستانیدا مانگانە ڕۆژنامەیەكیان بەناوی «بەرەی كوردستانی» بڵاوكردۆتەوە. لە كانونی دووەم ساڵی ١٩٩٠دا بە فەرمانی مەسعود بارزانی سەرلەنوێ گواستراوەتەوە بۆ ڕادیۆ دەنگی كوردستان و تا ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لەو ڕادیۆیەدا خەباتی كردوە و وەك خۆی دەڵێت دەوری سەرەكی هەبووە لە جۆشدانی جەماوەر و هاندانی پێشمەرگەكان لە ڕاپەڕیندا.

لە مانگی ئابی ١٩٩١دا بارزانی مەلا خالید كراوە بە ئەندامی كارگێڕی لقی دووی پارتی دیموكرات لە شەقڵاوە و دواتر ئەندامی یەكێتی نوسەرانی كوردستان و ئەندامی سندیكای ڕۆژنامەنوسانی كوردستان بووە و سەدان وتاری سیاسی و كۆمەڵایەتی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەكاندا بڵاوكردۆتەوە. لە هەڵبژاردنی ١٩٩٢/٥/١٩ی پەرلەمانی كوردستاندا، ناوبراو بە نوێنەری خەڵكی هەولێر بۆ ئەندامەتی پارلمانی كوردستان هەڵبژێردراوە. لە ١٩٩٣/٥/٨ پۆستی بریكاری وەزارەتی ڕۆشنبیری حكومەتی هەرێمی كوردستانی دراوەتێ. بەشداریی كۆنگرەكانی ٨ تا ١٣ی پارتی دیموكراتی كردوە، لە كۆنگرەی ١١دا بە ئەندامی جێگری كۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە و لە كۆنگرەی ١٣ی پارتیدا وتەبێژی كۆنگرە بووە. ساڵی ٢٠٠٦، بارزان مەلا خالید توشی نەخۆشی دڵ بووە و بەناچار نەشتەرگەری دڵی بۆ كراوە و دواتر بۆ پارێزگاریی كردن لە تەندروستی خۆی، خانەنشین كراوە. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٥ **بەهۆی خەبات و چالاكییەكانیەوە میدالیای بارزانی وەرگرتووە. لەم بارەیەوە دەڵێت:**

- (بە وەرگرتنی میدالیای بارزانی زۆر خۆشحاڵ بووم. هەستم كرد كە بەڕاستی پێشمەرگە و خەباتكار بوومە و پاداشی ڕەنج و خەباتی ماوەی ژیانم لەلایەن سەرۆك مەسعود بارزانی بەمن درا.)



هەستی و یادەوەرییەكی خۆی لەگەڵ خاڵە بارزان دەگێڕێتەوە:

خودێ ژێ رازی بارزان مەلا خالد نموونێ دلسوزی و وەفاداریێ بوو، كادر و پێشمەرگەیەكێ دلسوز و وەفادارێ پارتی و ڕێبازاپیروزا بارزانییێ نەمر بوو، بیژەرێ شورەشا ئەیلوولْ و گولانێ بوو، كادرەكێ هەرە بەرچاڤێ دەنگێ كوردستانێ بوو. بیرهاتنەكا من دگەڵ خودێ ژێرازی كاك بارزان مەلاخالد:

ل سالا ١٩٩١ و ل روژێت سەرهلدانا پیروز، دروست ل ١٩٩١/٣/١١ ئەز ل ستودیویا دەنگێ كوردستانێ دەركەفتم بو لایێ هەڤاڵێت راگەهاندنێ كە ژوورەكا تایبەت هاتبو دانان بو سەرپەرشتییا بەرنامێت روژێت سەرهلدانێ. ل ڕێكێ من دیت كاك بارزان بەرەف ستودیویا دەنگێ كوردستانێ دچوو، منیش گوتێ چ هەیە خاڵە بارزان چ جهەكێ دی رزگار بووە؟، گوتەمن (نەخێر). پشتی دەمەكێ كورت من گوهدێریا ئێزگەی دكر، كاك بارزان مەلا خالد هەواڵی رزگاربوونا باژێرێ هەڤلێرێ خاند و گەلەك ب حەماسی خواند و كیف خوشیا وی یا دیار بوو. دەمێ هەواڵێ رزگار كرنا هەڤلێرێ دخواند. پشتی هاتیە دەر ل ستودیوویێ، من گوتێ خاڵە بارزان پا تە نەگووت چ باژێرێت دی رزگار نەبوینە؟!، ئینا ب پێكەنین ڤە گووتە من: توخوا مەعقولە هەولێر رزگار بێت سەباح بەیتو اللە هەواڵەكەی بخوێنێ. هەولێر شاری منە و پێم خۆش بوو من هەواڵی رزگار بوونی بخوێنمەوە و حەزم نەكرد كەس لە هەڤاڵان بخوێنێت و خۆشحال بووم كە یەكەم جار من هەواڵەكەم پێشكەش كرد.

سڵاڤ بوو گیانێ بلند و پیرۆزێ كاك بارزان مەلا خالد. هەر دێ مینیت ساخ دناڤ وژدانا مەدا.




بارزانی مەلا خالید بە دەنگەکەی حەماسێکی زۆری دەدایە خەڵک

مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە چلەی بارانی مەلا خالید بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: بارزانی مەلا خالید لە تەمەنی لاویەتی تێکەڵاوی تێکۆشان و خەباتی پارتایەتی دەبێت هەوڵ دەدات مەینەتی وناخۆشیەکانی گەلەکەی لەسەری فەرز کراوە وەك لاوێکی تێگەیشتوو توانی بێتە نێو شۆڕش لە تێکۆشان و خەباتی گەلەکەی بەشدار بێت ڕوو لە شاخ دەکات و پشت لە خۆشیەکانی شار دەکات هەوڵ دەدات لەگەڵ برا پێشمەرگەکانی خەبات دەکات لە ساڵەکانی ١٩٦٠ەکان ڕۆڵی خۆی دەبێنت لە دەشتی هەولێر وەك پێشمەرگە دواتریش وەك کەسێکی ڕۆشنبیر و ڕاگەیاندکار لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان بەردەوام دەبێت و دەنگەکەی ئەو حەماسێکی زۆری دەدایە خەڵك کاتێك گوێت لە دەنگی بارزانی مەلا خالید دەبوو هەستت زیاتر دەبوزوا ئەو لە وێسگەیەك وەك پێشمەرگە و ڕاگەیاندکارێك هەندێك جاریش وەك سیاسی ڕۆڵی خۆی بینوە تا ڕاپەڕینی ١٩٩١ وەك پەرلەمانتار و لە بواری حکومەت خزمەتی زیاتر کرد.

بارزانی مەلا خالید کەسێك بوو جێگا دەستی دیار بوو لە خەباتی پارتایەتی وە پاشاوەی خەبات و تێکۆشانی ئەو تێکۆشەرانە ڕەنج و ماندوو بوونی ئەوان ئەو دەستکەوتانەیە کە ئێستا لە ئارا دایە کە ئێمە هەوڵ دایە بیانپارێزین ئامانە بەشێکە لە خەبات و تێکۆشانی ئەوان بارزانی مەلا خالید و هاوڕێکانی لە هەردوو شۆڕشی ئەیلول و گوڵان ئەوانە وایان کرد ئەم دەستکەوتانە هەیە بیان پارێزین خەڵکی کوردستان شانازی بە خەبات و تێکۆشان و ماندوو نەناسی ئەوانە دەکات ،ئەو شتانەی خاڵە بارزان و هاوڕێکانی بەجێیان هێشت ئێمە خاوەنی پەرلەمان و حکومەتین لە دەستوری عێراق بەشێکی زۆر لەم مافانەی داوامان دەکرد جێگیر کراوە ئەو ئارامی و ئاسایشەی لەکوردستان هەیە بەرهەم و خەباتی ئەوانە. دەنگی بارزانی مەلا خالید دەنگێکی زوڵاڵ بوو من لە بیرمە چاوەڕی بووین ئێزگە بکرێتەوە دوو شت خۆشی تێدا بوو لە کردنەوەی ئێزگە یەکیان ئەوە بوو کە هەواڵەکانی شوێنەکانی ترمان دەزانی دووەمیش ئەو حەماس و گەرم و گوڕییەی کە دەیدایە پێشمەرگە و کادیرو بە شۆڕشگێڕەکان کە خاڵە بارزان دەیگوت ئێرە دەنگی کوردستانی عێراقە بە شێوازێك دەیگوت مرۆڤ حەماس دەیگرت و هەموو ڕۆژ لەزەتی لێ دەدیت .چونکە بە تەئکدی دەمان زانی دوای ئەوە هەوڵێکی سەرکەوتنی پێشمەرگە و شکستێکی دووژمنانی پێدەگات ،دەنگی بارزانی مەلا خالید حەماسی دەدایە پێشمەرگە بەشێك بوو لە هەوڵ دان بۆ گەرم و گوڕی لەناو پێشمەرگە زیاتر بکات.

بارزان مەلا خالد هەر دێ مینیت ساخ دناڤ وژدانا مەدا

سەباح بەیتوڵڵا بەرپرسی لقی نۆ لە ئاکرێ و بیژەری پێشووی دەنگی کوردستانی عێراق، کە سەردەمانێکی دوور و درێژ دوست و هەڤاڵ و هاوکار و هاوپیشەی بارزان مەلاخالید بووە، لە لێدوانێکی بۆ ڕۆژنامەی خەبات بەبۆنەی چلەی خوالێخۆشبوو بارزانی مەلاخالید بەم لە ناخەوە هەست بە ئازاری میللەتەكەت بكەیت و چاو لە خۆشییەكانی ژیان بپۆشی هەموو كەس حەز دەكات ژیانێكی خۆش بەسەر ببات بەڵام ئەو كەسانەی كە چەكی بەرگری بۆ پاراستنی میللەت لەشان دەكەن چاوپۆشی لە هەموو خۆشییەكانی ژیان بكەن ئەو یەكێكە لەم كەسانە كە سەرفرازی تۆمار كرد چاوی لە هەموو خۆشیەكانی ژیان بەخشی



و دەستی دایە تفەنگی شانی بۆ بەرگری كردن لە خاك ئەو جگە لەچەك بە دەنگە زۆڵاڵەكەی بە قەرڵەمەكەی دوژمنی لەچۆك دەدا و تووشی شپرزە بوونی دەكرد, لەگەڵ هەموو ئەمانە منداڵەكانی فەرامۆش نەدەكرد بە خەباتی كوردایەتی پەروەردەی دەكرین فێری كردین خاكەمان خۆش بوێت و بەرگری لێبكەین و خیانەتی لێنەكەین چونكە ئەو لەپێناو پاراستنی ئەم خاكە خەباتی كردووە.





کۆچێکی ناوەختی پایيزە گەڵای تەمەنی کامیران مەرعی میدیاکاری هەڵوەراند



ساسان دەرویش – هۆڵەندا

بەخەم و پەژارەیەکی قوڵەوە بۆ لە دەستدانی هاوڕێ و برای میدیاکارمان، کامیران مەرعی سلێمان، پرسە و سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی، دیندار کۆچەر و خانەوادەی خولێخۆشبوو کامیران مەرعی دەکەم، خۆم بەهاوبەشی خەمیان دەزانم، بەهیوام ئارامی بۆ دڵی بریندرتان بگەڕێتەوە و خوالێخۆشبوو ڕەوانشاد و گۆڕی چراخان بێت.

زۆرجار، زمان و قەڵەم لە خەم و پەژارەی کۆچی دوایی و مااڵواییی خۆشەویستان و ئازیزان، توانای خۆی لەدەستدەدات و هەزر و توانا و هێزی بیرکردنەوەی دەکەوێتە هەوراز و دڵێش پرلە ژان دەبێت و زمان لەگۆ دەخات و شێلەی وشە لە قەڵەم وشك دەکات، جیاواز لە هەر مەرگێکی تر، ئای گورگی ئەجەلی ڤایرۆسی کۆرۆنا، چیت نەکرد لەگەڵ مرۆڤایەتی و دنیادا بۆ زااڵبوونی خۆت و دامەزراندنی گۆڕستانێکی فراوانی مەرگ، ئازیزەکانمانت یەك لە دوای یەك وەك گەڵای دارەکانی ئەم پایزە خستنە خوارێ و بێ بەزەییانە ژیانت زەوتکردن لە هەموو چین و تۆژە کانی کۆمەڵگەکەمان بەتایبەتی نووسەران و هونەرمەندان بەم کارەشی دڵانت پڕ لە ئێش و ژان کرد و نەمانتوانی سەبووری خۆمان بدەین و ئارامی بگەڕێتەوە بۆ دڵان لە جەستەی پڕ لە برینی قەتماغە نەبەستوومانەوە ڕۆژانە گوێبیستی ژانێکی تر و مەرگێکی تر دەبین.

شەوی چوارشەممە، کامیران مەرعی پێشکەشکاری دیاری کوردستان تی ڤی لە دەقەری بادینان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە نەخۆشخانەیەکی شاری هەولێر گیانیلەدەستدا و تەرمەکەی بەرەو شاری دهۆك بەڕێکرا و هەر لەوێش لەنێو ئاپۆرای خەڵکدا بەخاکسپێردرا.

کامیران مەرعی پێشتر پێشکەشکاری بەرنامەکانی مێرگ و چیمەن و بەیانی باشی کوردستان تی ڤی بوو و لەو دوایانەشدا بڕیاربوو بەرنامەیەکی پێشبڕکێی هونەری و کۆمەاڵیەتی لە کوردستان تی ڤی پێشکەش بکات، لە بەرنامەی مێرگ و چیمەن هەنگاوی بوێرانە و سەرکەوتووانەی بڕی لە کاتێکدا کوردستان و تاراوگەی پێکەوە گرێدابوو لەو بەرنامەیەدا و جەماوەرێکی زۆری لە شاشەی کەناڵی ئاسمانی کوردستان تیڤی کۆردبووەوە بە تایبەتی لە کوڕان و کچانی تازەپێگەیشتوو کە خۆیان تیایدا دەبینیەوە.

کامیران مەرعی ساڵی ١٩٧٦ لەنێو بنەماڵەیەکی نیشتیمانپەروەر لە دایکبووە و دوو منداڵی لەدوای خۆی بەجێهێشتووە بە ناوەکانی محەمەد و بارز، بەشی دەرهێنانی لە پەیانگەی هونەرەجوانەکانی دهۆك تەواو کردووە و کاری بۆ ژمارەیەك تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامەی کوردستان کردووە و ساڵی ٢٠٠٠ وەکو پێشکەشکار چووەتە کوردستان تی ڤی.

کامیران مەرعی کە پێشتر سەرنووسەری گۆڤاری بیر و ماکازین بووە، چەند هەفتەیەك پێش ئەوەی دووچاری ئەم پەتایە بێت لە تۆڕی کۆمەاڵیەتی فەیسبووك لە پۆستیدا لە حەڤدەی ئەم مانگە نووسیویەتی، بەپشتیوانی خودای گەورە و هاڤاڵانی دڵسۆزی سەتەلایتی کوردستان و سەنتەری بادینانی سەتەلایتی کوردستان لە دهۆك چاوەڕێی بەرنامەیەکی مەزنی پێشبڕکێی هونەری کۆمەاڵیەتی لە دهۆك بن.

کامێران مەرعی زۆر جار هاتووەتە وااڵتانی ئەورووپا و هۆڵەندا بەتایبەتی و وەك هاوپیشە و برایەکی شیرین بەسەری کردووینەتەوە و کاری هاوبەشیان وەك هاوکاریکردن لەگەڵی کردووە بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا.

دیندار کۆچەر وەك هاوڕێ و کەسی نزیکی دەربارەی ژیانی خوالێخۆشبوو بۆ خەبات دوا: بەڕاستی کۆچی کامیران نەکە تەنها بۆ من، بەڵکوو بۆ تەواوی خەڵکی کوردستان هەواڵێکی دڵتەزێن بوو، چونکە کامیران کەسێکی خۆشەویستی نێو کۆمەڵگەکەی بوو لە ڕێگای شاشەی تیڤی و بەرنامەکانی جێگای لە دڵی خەڵکدا کردبووە، بەداخەوە دوای نەخۆشکەوتنی بە کۆرۆنا چەند ڕۆژێك لە نەخۆشخانە دەبێت و ڕەوشی بەرەو باشی دەڕوات کە پێکەوە قسەمان کرد و دواتر سەردانمان بکات لە هۆڵەندا بەداخەوە مەرگ هەموو ئاوات و خۆزگە زۆرەکانی بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی و کورد لەگەڵ خۆی بردە ژێر گڵ، ئەوەی بیری لێ نەکردبووە ئەم پەتایە بوو، چونکە لەسەرەتاوە وەك کەسێکی خۆبەخش لەگەڵ کۆمپانیاکانی دەڤەری بادینان بۆ خواردەمەنی کەوتە گفتوگۆکردن بۆ هاوکاریکردنی کەسانی بێ دەرامەت و بێ مووچە و کار لە کاتی مانەوەیان لە ماڵەوە بەهۆی ئەم پەتایە هاوکاری هەمووانی کرد و لە دواکاریشی لە هۆڵەندا گرێدانی پەیوەندیی بازرگانانی کورد و هۆڵەندی بوو کە پێکەوە کار بکەن بۆ بەرژەوەندیی هەردوولا لە کۆنفرانسێکدا و خەونی گەورەتری هەبوو مەرگ مەودای نەدا بەهۆی ئەم پەتایە و ژان و ئێشی خستە نێو دڵی هەموان، ڕۆحی شاد و گۆڕی ئارام بێت.



وەغەرکرنا (کامەران مەرعی) کوڤانەکامەزن بوو بسەرمەدا هات

شڤان غازی

ب خەم و کوڤانەکا مەزن ڤە ئەڤرو خەبەرەکێ نەخوش گەهشتە خەلکێ کوردستانێ و ل زوربەی مالان ماتەمینی یە ، کامیران مەرعی هەمی ژیانا خو یا گەنجاتی تەرخانکر بو خزمەتا ڕاگەهاندنا کوردی ، هەڤی یە بێژین ئێك ژوان پێشکێشکاران بوو یێ کو زور ب رح سڤك دهاتە نیاسین و گرنژین دێخستە سەر لڤێن خەلکێ کوردستانێ ، دیسان هەر بەرنامەکێ وی پێشکێشکاری دکر بینەرێن خو ب ڕێژەکا زور هەبوون ، کامیران مەرعی خودان پێگەهەکا مەزن لسەر ئاستێ هەمی کوردستانێ و خودانێ زورترین پەیوەندییێت کومەلایەتی و ڕاگەهاندنێ و ژمارەکا زورا هونەرمەندێن کوردستانێ بو ، هاندەرێن زور هەبون خەلکی زور حەژێ دکر ، کامیران مەرعی ژ خێزانەك هەژار و کوردپەروەرن دلسوزێ خاك و نیشتیمانێ خو بوویە ، کادرەکێ پێشکەفتی یێ پارتیا مە بویە و ڕولێ وی د خزمەتێ و ڕاگەهاندنا پارتیا مەدا بەرچاڤ بوویە ، ل هەر جهەکێ ئەو لێ ئامادە دبوو خەلك ب کوم ژ دەوروبەرێن وی کوم دبوون ، ماوەکە توشی نەخوشیا کورونایێ هاتبو لێ ژبەرکو بارودوخێ وی تێك دچیتن دبەنە هەڤلێرا پایتەخت ل دیاهیك ڤیدیویا بو وی هاتیە تومارکرن دەستێن خو بلند دکەت دبێژیت باشم لێ کەسێ هزر نەدکر دەمێ دەستێن خو هەژاند دیاهیك چرکێن ژیانا وی بون و ڤیا خاتراخو بخازیت لێ زور ب وڕەیەکا بەرز دبێژیت سوپاسیا هەمی وان دوست و هەڤال و ڕاگەهاندن و پەیجان دکەم یێن پرسیارا بارودوخێ من کرین و دبێژیت دێ چێیم و ئەز یێ باشم ب وڕەیەك بەرز ، ب مخابنی ڤە دیاهیك پەیڤێن وی بون پشتی ماوەك کێم بارودوخێ وی ب ئێکجاری تێك دچیت و خاترا خو ژ مالبات و کەس و کار و هەڤالێن خو خاست و گیانێ خو ژدەستدا ، هەڤی یە بێژین ب بیهستنا وی خەبەرێ نەخوش سوشیال میدیا بیە ماتەمینی و ئەوێن کامیران مەرعی ژ نێزیك دنیاسین توشی شوکێ هاتن لێ مرن ڕێکا مە هەمیانە خودایێ مەزن وی ل بەهەشتا بەرین شاد بکەتن تنێ چاکی و کارێن باش و هەردەم هەول دایە دلێ خەلکێ کوردستانێ خوش بکەتن ، لەورا دەم ل دەست جەنابێ سەروك مەسعود بارزانی مەرجەعێ کوردان هەڤخەمیا خو دەربری و پرسە و سەرەخوشی ئاراستەی مالباتا خودێ ژێ رازی کرن ، ژدەست دانا وان کەسێن خزمەت پێشکێشی وەلاتێ خو کرین کوڤانەك مەزنە ، راستی ژی نزانم چەوا هەستێ خو دەربرم لێ تنێ دێ بێژم ڕاگەهاندنا کوردی خوشتڤیەکێ خو ژدەستدا مخابن هزار جار مخابن هێشتا دژێ گەنجاتیێ دابوو ، خودایێ مەزن سەبر و هەدارێ بدەتە مالبات و کەس و کارێن خودێ ژێ رازی و شریکێن خەما وانین ، دێ بێژینە وان کامیران نەك ملکێ وە بتنێ بوو بەلکو ملکێ هەمی خەلکێ کوردستانێ بوو داخ بارین ب کوچا داویا وی ، د ڕێ و ڕەسمێن ڤەشارتنا جەنازێ وی ژی ڕێ و ڕەسم وەك پێتڤی هاتینە کرن لێ ژبەر نەخوشیا کورونایێ لەوانەیە هەر ئەڤ چەندە ژ دەست هاتبێتن لێ خەلکەکێ زور پشکدارە د ڤەشارتنا تەرمێ وی .



کوردانی ناگۆرنی قەرە باغ لە نێوان بەرداشی ئەرمینیا و ئازەربایجان



ڕزگار نوری شاوەیس

لەوانەیە هەندێکان ئەو زانیارییەمان نەبێت کە ڕیژەی کورد لەناوچەی (ناگۆرنی کەرەباخ) * ڕیژەیەکی بەرزە و ئەگەر لە ڕیژەی تورکمانەکانی ئەو ناوچەیە زیاتر نەبێت کەمتر نییە ، شایەنی گوتنە پێکهاتەی (ئیتنیی) دانیشتوانی ئەو ناوچەیە پێکهاتووە لە ئەرمەن کە بەرزترین ڕیژەی دانیشتوانی ناوچەکەن پاش ئەمان کورد و ئازەری هەروەها ڕیژەیەکی کەم شەرکەس و فارسیش .

پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ڕوسیا و دامەزراندنی ڕژێمی کۆمۆنیستی (یەکێتیی سۆڤییەت)و کۆمارەکانی ، سیستەمی نوێی حوکمرانیی ڕوسیا ، ناوچەی ناگۆرنی کەرەباخی ئەگەرچیش زۆرینەی دانیشتوانی ئەرمەن بوون خستە نێوسنووری ئازەر بایجان بەڵام لە قەوارەی حوکمرانییەکی ئەرمەنیی ئۆتۆنۆمیدا . بەڵام سەرباری کۆنترۆڵ کردنی ڕەوشە سیاسی و ئیدارییەکەی ناوچەکە لە لایەن (مۆسکۆ) وە ، ناکۆکی و پێکدادان هەبووە لە نێوان ئەرمەن و ئازەرەکاندا بە شێوەیەك کە دەتوانین بەو ناکۆکی و نەگونجاندنە بڵێین (ئاگرێکی ژێر کا) بووە کە پاش هەرەس هێنانی یەکێتیی سۆڤییەت و سەر بەخۆیی تەواوی کۆمارەکانی ، کڵپەی کرد و هەر لەساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیستەوە هەتا ئەمڕۆ چەندین جار جەنگ و بەیەکدادان لە نێوان کۆماری ئازەربایجان و کۆماری ئەرمینیا هەڵگیرساوە وبەسەدان کوشتار و زیانی گەورە (لە هەردوو لا) کەوتووە .. شایەنی ڕوونکردنەوەشە کە ئەرمەنەکانی کەرەباخ لە ساڵانی نەوەدەکاندا سەر بە خۆییان ڕاگەیاند بەڵام لە لایەن هیچ لایەنێکی جیهانییەوە دان بەو کۆمارە نوێیە نەنرا تەنانەت لە لایەن ئەرمینیاشەوە کە پشتگیری ئەرمەنەکانی ناوچەکەیە و بەردەوامیشە لە پشتگیری و بەرگریکردن لێیان ..! هەندیک ئەم هەڵوێستەی ئەرمینیا دەخەنە قاڵبی ئەوەی کە هەمیشە ئامانجی ئەوە بووە ناوچەکە بخاتە نێو سنووڕی دەوڵەتیی خۆیەوە .

لەم کەینوبەین زۆرانبازییە نەتەوەییەی هەرێمی قەرەباخ ئەوەی گرنگە بەلامەوە ئامانجی بۆ بکەم ، کۆردانی ئەوێن وەک نەتەوەیەکی ڕەسەنی نێونەتەوەکانی هەموو ناوچەی قەفقاس نە تەنها هەرێمی قەرەباخ . بێ گومان ئەوانیش وەکو هەموو نەتەوەیەکی ژێر دەستە و زۆرلێکراو خەونی گەورەیان ئازادی و سەربەخۆیی بووە ، هەر بۆیەش پاش دامەزراندنی یەکێتیی سۆڤییەت لەم هەرێمەدا کە بە (سێکوچکەی ڕوسی – ئەرمەنی – ئازەری) ناسراوە کۆماری (کوردستانی سوور) بەپشتگیری مۆسکۆ و ڕەزامەندیی ئازەربایجان و ئەرمەنستان سەر بە سۆڤیەت ، ڕاگەیەنرا کە لە ساڵی (١٩٢٣) وە هەتا ساڵی (١٩٢٩) ی زایینی بەردەوام بوو ، پاشان لە لایەن مۆسکۆ وە بە بیانوو ڕێکخستنەوەی سنوورە جیوگرافی و ئیدارییەکانی کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەت هەڵوەشیندرایەوە .

کۆماری کوردستانی سوور هەڵوەشێنرایەوە بەڵام خەونی سەربەخۆیی بوونی کوردانی ئەو ناوچەیە بە زیندوویی مایەوە ، بۆیە دیسانەوە لە هەلومەرجی نوێی هەڵوەشانی یەکێتیی سۆڤییەت جارێکی دی لە ساڵی (١٩٩٢) کۆردانی هەرێمەکە هەرێمەکە (کۆماری لاچین) ی کوردیی سەربەخۆیان بە سەرۆکایەتیی (وەکیل مستەفاییف) ڕاگەیاند ، بەڵام هەرزوو ئەم کۆمارەش خنکێندرا و (مستەفاییف) بووە پەنابەر لە (ئیتالیا) ..

میژوونناسان و شارەزایانی جیۆپۆلۆتیکیای ناوچەکە سەبارەت بەکوردانی ناوچەکە هەمیشە ئاماژە و جەختیان لەسەر ئەوە کردووە و دەیکەن کە دە ساڵات و دیسان بێکەسە ، لەسەر خاک و زێدی بابوباپیرانی مەغدوور و بێ بەشە .



وێنەیەک لە ئارشیفی نەتەوەکانی ڕوسیا - بەناونیشانی پۆشاکی کلتووریی کوردانی قەفقاس

حوکمرانییەکانی ناوچەکە (هەر لە سەردەمی حوکمرانیی سیزەرییەوە هەتا سۆڤییەت و ڕۆسیای ئیستا بە ئەرمەنستان و ئازەر بایجان و خۆ تێهەڵقورتاندنی تورکیاوە) ئامێرێک بوون بەدەست هەموو ئەو لایەنانەوە کە هەر یەکیان گەرەکی بووە بۆ بەرژەوەندیی و مەبەستی تایبەتیی خۆی بەکاری بهێنێت یان بەکاری هێناوە ..

ئەمڕۆ ئازەرییانی کەرەباخ ئازەربایجان و تورکیایان هەبە بەرگرییان لێ بکەن ، ئەرمەنییەکانی ناوچەکەش پشتیان بە کۆماری ئەرمەنستان قاییمە ، ڕوسیاش وەک باوەگەورەی ئازەربایجان و ئەرمینیا پەیوەندیی لەتەک هەردوو لا باشە ، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بە هیچ شێوەیەک دگەڵ زیاتر ئاڵۆزکردنی ڕەوشی ناوچەکە نییە ، ئەورووپاش گەرەکێتی گاز و نەوتی (قەزوین) ی بە بێ کێشە پێ بگات ..

کورتەی باسەکە ئەوەیە کە چی ئازەری و چی ئەرمەنی پشتگیر و بەرگریکەر و ناوبژیکەریان هەیە .. تەنها کوردەکەیە کە

• {ناگۆرنی- بە زمانی ڕوسی مانای بەرزاییەکانە و کاراباخ بە تورکمانیی ئازەری مانای باخی ڕەشە - واتە بەرزاییەکانی ڕەشە باغ -}

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٦ هەولێر ژمارەی پسوولە ٩٨٦١٣٨ بەروار ٢٠١٩/١/٢٤ بەبڕی ٢٥٠٠٠٠ بەناوی هەڤاڵ خطاب محمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای المغامرە جۆری ئۆتۆمبێل مازاد ٤٣ بستون ئوتوماتیك صالون ڕەنگی سپی مۆدێل ٢٠١٨ ژمارە/١١٦٩٣ کاتی سلیمانی ژمارەی شاسی JMVBNISZ9J1181418 ون بووە هەرکەسێ دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای یوڤان جۆری ئۆتۆمبێل مقطورە تریلە فلات ڕەنگی نفطی ژمارەی شاسی VKIST39WGPE600848 ون بووە هەرکەسێ دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

محكمة المواد الشخصية في سنجار
اعلان
الى المدعوة : زريفة خلف كلو
للطلب المقدم من قبل المستدعي (الياس صالح قاسم) المتضمن نصبه قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول
القاضي / رياض فتحي خليل

***

محكمة المواد الشخصية في سنجار
اعلان
الى المدعو : سهو عيسى قاسم
للطلب المقدم من قبل المستدعي (سليمان عيسى قاسم) المتضمن نصبه قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول
القاضي / رياض فتحي خليل

***

محكمة المواد الشخصية في سنجار
اعلان
الى المدعو : صالح الياس صالح
بەروار: ٢٠٢٠/٩/٣٠
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (عباس عبدالله پیرۆت) لە بەرواری ٢٠٢٠/٩/٢٩ کە داوای تۆمارکردنی نامێزەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانراوە لە (پیشەسازی باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلەوسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا، واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت رۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالی ١٩٩٨ و بروانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووسی یەکەم / شوان فوزی زکی
نامێزەکان:
١- چوار دانە مشاری بەرد برین ژمارە / ٤٨٣٠/٤٨٣٤/٤٨٣١/٤٨٣٥دروستکراوی خوماڵی و بلغاری جۆری سوتەمەنی کاربا، توانا ١٥X٤ K.W .
٢- هەزازی دەهێنانی شتایگەر لە قالب ژمارە ٤٨٣٢ دروستکراوی بلغاری، جۆری سوتەمەنی کاربا، توانا ١ K.W .
٣- خەباتەی تێکەل کردنی مواد، ژمارە ٤٨٣٨ دروستکراوی ئینگلیزی، جۆری سوتەمەنی کاربا، توانا ٢ K.W .
٤- دوو دانە کابیسەی کاشی ژمارە/ ٤٨٣٧/٤٨٣٩ دروستکراوی خۆمالین/ جۆری سوتەمەنی کاربا، توانا ٧,٥X٢ K.W .
***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کو لقی کۆمپانیای (ارسال ش م ح/ Ersal FZCO) دامەزراوە لە وڵاتی ئیمارات (للتجارة اجهزة الاتصالات السلکیة و اللاسلکیة و تجارة انظمة و مکونات الطاقة الشمسیة و تجارة الهوائیات/ المحدودة) بریاری پاکتاوکردنی لقی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ فرهاد فؤاد عثمان

ناونیشان/ هەولێر – گوندی ایتالی/١ ژمارە ڤیلا ٧

ژ. مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٦٦٩٤٠

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ١٠٩١٥
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٣٠
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (تولدەر) بۆ (هاوردەکردنی کەل و پەل و پێداویستی سەربازی /سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (تولدەر) بۆ (هاوردەکردنی کەل و پەل و پێداویستی سەربازی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٩/٢٩) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (احمد سعید محمود) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو، من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٩/٣٠
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ٩٤٠٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٩
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (GOLD ROTAP)
بۆ (بازرگانی کاتژمێر/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (GOLD ROTAP) بۆ (بازرگانی کاتژمێر/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٩/٥) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (ریبین کاك اولا کریم) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو، من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٩/٩
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ١٠٩٢٦
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٣٠
بڕیار
ئامازە بەبریاری دەستەی گشتی لقی کۆمپانیاکان (ارسال ش م ح/ Ersal FZCO) دامەزراوە لە وڵاتی ئیمارات (للتجارة اجهزة الاتصالات السلکیة و اللاسلکیة و تجارة انظمة و مکونات الطاقة الشمسیة و تجارة الهوائیات/ المحدودة) راستێندراوە لە وەزارەتی دەرەوەی عیراق ژمارە (١٩٢٩) لە ٢٠٢٠/٨/٢٧ و فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەژمارە (٤٤٨١) لە (٢٠٢٠/٩/١٧) تایبەت بە داخستنی لقی کۆمپانیا، و ئامازە بەبریاری بریکاری لقی کۆمپانیا تایبەت بە دانانی بەرێز (فرهاد فؤاد عثمان) بەپاکتاوکاری لقی کۆمپانیای ناوبراو.
من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوم پەسندکرد پالپشت بە مادەی (١٥) لە سیستەمی ژمارە (٥) سالی ١٩٨٩.
ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠٢٠/٩/٣٠
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین

ژمارە: ٣٨٦٥

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٣٠

بڕیاری داخستنی لقی کۆمپانیای (بیانی)

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی لقی کۆمپانیای (Guardia Sestems International,Ltd غواردیا سیستمز انترناشول/ المحدودة) (بەریتانی) وە پالپشت بە ماددەی ١٥ لە سیستەمی ژمارە (٥) ساڵی ١٩٨٩.


من وەك تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە داخستنی لقی کۆمپانیای ناوبراو و سرینەوەی ناوی تۆماری تۆمارکاری کۆمپانیاکان.

أراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

وتارێک بۆ دیالۆگ و تووێژینەوە و بە دۆسییەکردن:

ڕاسیزیم لە پەراوێزی کۆلۆنیالیزمدا



هەڵۆ بەرزنجەیی

ڕەنگە دوای ڕووداوەکانی11ی ئەیلوولی 2001 لە ئەمەریکا بتوانین ئەوە بڵێین ، کە هاوسەنگی لە سیاسی جیهاندا نەماو و ڕووداوەکان بە ئاراستەیەکی تری زیاتر ڕووەو شەڕ و ناسەقامگیری و نائارامیدا ئاڕاستەیان گرت.ڕووداوی تاساندن تا مردنی(جۆرج فلۆید)یش لە 25 گوڵانی 2020 دا ، ڕووداوێکی تری گەورەی هاوچەرخە، دەکرێ بە شۆڕشێك ناوزەد کرێ!. کە وەرچەرخانی لە میتۆووی مرۆڤایەتیدا دروست کردووە و کۆمەڵێ پرسیاری هەستیاری خستە میتۆووی کۆلۆنیالیستی پڕ لە تاوان و ڕووتاندنەوە و سووتماککردنی نیشتمانەکان و بازرگانیکردن بە مرۆڤ و بە کۆیلەکردنی...

ئێمە هەموو لەم دواییەدا گەواهی شاڵاوە نەبڕاوەکانی جیهانین، بۆ سەر پەیکەر و سیمبۆڵ و میتۆووی کۆلۆنیالیزم لە ئەمەریکا و ئەورووپا و لەسەر شانۆی ڕووداوەکان لە جیهان دا. هەڵمەتی فراوانی شاڵاوەکە هێندە بەرفراوان و تووڕەیی لە خۆ گرتووە، کار هەر بەوەوە نەوەستا دەیانی وەك (کریستۆفر کۆلۆمبس و بسمارك) و زۆری تر بەر شاڵاو بکەون، بەڵکو گەیشتە سەر ئەوەی تێزە فەلسەفییەکانی(کانت)یش وەك دەقی ڕاسیستی تاوانبار بکرێن. ئەم هەڵمەت و ڕووداوە بەردەوام هەتا ئێستا داوای ڕاستکردنەوەی میتۆووی و تاوانبارکردنی بکەرەکانی دەکات و بانگەوازی سڕینەوەی شوێنەوارەکانی دەکەن. بەکورتی هەناسەی تاساوی ج. فلۆید بووە کۆمەڵێ پرسیار و فڕێدرایە گۆمی پڕ لە خوێنی میتۆووی کۆلۆنیالیزم و سیاسەتی ڕەگەزپەرستی و یاسای ڕەگەزپەرستانی جیهانەوە.. ئەم ڕووداوە جۆلە و بزاڤی بێبڕانەوەی لای میتۆونووس و میتۆوناسەکان، کۆمەڵناس و ئاکادیمی و ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەوان و دەزگا زەبەلاحەکانی میدیای جیهانی دروست کردووە.

ڕەوەندێکی زۆری خەڵکی ڕەشپێست -کە بە هەق ڕۆژانە هەستونەستیان بە ڕاسیزم بریندار دەکرێ- خۆشبەختانە ئیمرۆ بە هێز و کاران لە ئەمەریکا و ئەوروپادا و هاتوونەتە دەنگ و چالاکانە کار بۆ بەربەرەکانی ئەم ئاڕاستە سیاسییە ڕەگەزپەرستانە دەکەن و داوای سڕینەوەی دەکەن. لە یەکەم هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی ئەمەریکای 2020 ی ئەمساڵدا باشتر کاریگەری بەدیارکەوت بە هێنانی کاندیتی خانمە ڕەشپێست کامالا هاریس . بە کورتی لەسەر ئەم باسە بە هەزاران هەزار بابەت نووسراوە و بینراوە و گوتراوە.. بۆیە لەوە زیاتر درێژەی نادەمێ..ئەوەی بۆتە زادەی ئەم نووسینە، میتۆووی کۆلۆنیالیزمە، کە وڵاتی کوردستانی کردۆتە قوربانی و بە ناوی کۆلۆنیالیزم و لە سایەیدا چەپەڵترین سیاسەت دژ بە نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان پێڕەو کراوە، کە باڵاتر و دڕندانەتر و نامرۆڤانەترن لە ڕاسیسیزم .ئەو کەسەی واقعی کورد بە وردی و قوواڵی بخوێنێتەوە، زۆر بە ئاسایی و خێرایی بەسەر ئەو ڕاستییانەدا دەکەوێ. ئەوەی هێز و تاکی «کۆلۆنیالیزم و فاشی و نازی و دیکتاتۆر و تۆتالیتارەکان » لە میتۆووی مرۆڤایەتی بە ڕەشی و قێزەونانە تۆماریان کردووە، داگیرکەران لە کوردستان زیاتریان ئەنجام داوە. بەڕادەیەك ئێستا پرسی مانەوەی کورد لە بەرامبەر ئەم هەڵمەت و شاڵاوەی قڕکردنیدا، بۆتە پەرجووی میتۆوو. جا بۆیە کا ئەوەی لە ئێش و ئازارە بێ وێنەکانی ژیانی کورد تێدەگات ، دەتوانێ دەیان کەیسی تاوان و جینۆسایدی تێدا ببینێتەوە. سیاسەتی ««کوشتن و بڕین و لەسێدارەدان و ڕاگوێزان و بۆمبارانکردن و ژەهرباران و ئەنفال و قەدەغەکردنی زمان و فەرهەنگ و دانەنان بە بوون و هەبوونی نەتەوەی کورد و هەوڵەکانی تری سڕینەوە و شێواندنی شوناسی کوردبوون»» و جۆرەها سیاسەتی تری چەپەڵی «سەربازی و ئابووری و ڕۆشنبیریی و سیاسی و نەتەوەیی» ، هەموو ئەمانە دەچنە ئەستۆی هێزە کۆلۆنیالیستەکانی پەیمانی (سایکس پیکۆ)یان لەسەر خوێن و جەستەی کورد مۆر کردووە و وا 100 ساڵی ڕەبەق بەسەر ئەو ڕێککەوتنامەدا تێدەپەڕی و ناوەڕۆك و ڕوخساری داڕزاوە و بۆتە پەڵەیەکی تۆخی شەرمەزاری میتۆووی مرۆڤایەتی. بەکورت و کرمانجی ئینگلیز و فەرەنسی لێی بەرپرسن.چونکە ئەو هێز و ئامراز و دەزگایەی بەم کارانە هەڵساوە و جێبەجێکەری ئەم تاوانانە بووە، هەرچوار داگیرکەرەکەی کوردستانە و لە نێویاندا ئەوەی ناوی دەوڵەتی «عێراق و سووریا»یە، کە دوو ماندااتی ئینگلیز و فەرەنسان و هەتا ئێستاش لە دووڕەوە بە پرۆگرام و فەرمانی هێزە کۆلۆنیالیستەکان بەڕێوە دەبرێن و لە ئاکامدا ئەوەی دروستکراوە و بەڕێوەبراوە، لەسەر لاشەی کورد هەڵچنراوە و بکەرەکەشی بە خوێن و فرمێسکی کورد دەست و لموزی سووڕە.

ئێوەی کۆلۆنیالیستی ستەمکار ! کە لە پێناوێ بوتڵێ «نەوت و گاز» و بەرژەوەندییە ستراتیژی و کاتییەکانی خۆیان دا، هەر بەتەنها لەو تراژیدیایەی بەسەر کورددا هات و دێت بێدەنگ و چاو نوقاو نەبوون و نین، بەڵکو زۆر نامرۆڤانە و بێشەرمانە بەردەوام پاڵپشت و هاوکاری ماکی و مینۆکی داگیرکەرە ڕاستەوخۆکانتان کردووە و گەمەیەکی نامۆڕاڵی شەرمهێنتان بە چارەنووسی نەتەوە و نیشتمانی کورد کردووە.ئیدی بەسە و ئێستاش دڕەنگ نییە ! کاتی ئەوە لەمێژە هاتووە ئەم هێز و لایەنە تاوانبارە، بەسەر بڕگە و مادەی ئەو ڕێککەوتنامانە و سنووڕە دەستکردانەی کێشاویانە بچنەوە و سەرەتایەکی پڕشنگدارتر بنەخشێنن. هەروەها بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم هەڵە میتۆوییە و تێهێنانەوەی ئەم تاوانە نامرۆڤانە، تاکە وەڵامی ئەم هەموو تاوان و گوناهانە تەنها و تەنها جوڵاندنی دۆزی «سەربەخۆیی کوردستان و پشتیوانیکردنی بە دەوڵەتبوونە» . چونکە ئەم هەنگاوە ، هەم وەك پاداشت و قەرەبووکردنەوەیەك دێتە هەژمارکردن و هەمیش تاکە چارەسەی واقیعی و بەسوودە،بۆ ئاشتی و خۆشگوزەرانی میللەتانی ناوچەکە و جیهان.

ڕاستییەکیش کە دەبێ بوترێ ئەوەیە نەتەوەی کورد هەرگیز دەستبەرداری مافە ڕەواکانی نابێت کە لێی زەوت کراوە و تا هەڵاتنی تیشکی زێڕینی ئازادی و سەربەخۆیی کۆڵنادات لە تێکۆشان . چونکە ئاوات و ئامانجی کوردیشە وەك نەتەوەیەك بێتە سەر شانۆی و ئاستی جیهانەوە و بە ڕۆڵ و نەخشی خۆی بەشداری لە خزمەت و بەرەوپێشبردنی مرۆڤایەتیدا بکات. کورد زۆر هەوڵی داوە بە هەر شێوە و شێوازێك بێت، لەگەڵ داگیرکەرانیدا چوارچێوەیەکی چارەسەر بە پێی قۆناغ و دەرفەتێك Real Politc ڕێگەی پێ بدات، ڕێککەوێت و کۆتایی بەم گرێکوێرەی ناوچەکە بێت، لێ بەداخەوە ئەوان ! ئەوانی داگیرکەری حازرخۆری چەوسێنەر، هیچ ئامادەیی و ڕۆحی گفتوگۆیەکی کراوەیان نیشان نەداوە. بۆ هەر گفتوگۆیەکی ئاشتی تەڵەیەکی سیاسییان ناوەتەوە و لەژێر پەردەی تاکتیکی گفتوگۆدا،تیرۆریان ئەنجام داوە ، مەخابن ئێوەی هێزی کۆلۆنیالیست و پاشماوەی تری جیهان، بەرامبەر بەم کوشت و بڕینەی داگیرکەرانی کوردستان، تا ئێستا کەڕ و لاڵ و نابینا بوون!.. و واش پێدەچێ لەبەرخاتری مشتێ بەرژەوەندی هەمیشەییتان لە دەڤەرەکەدا، دریژە بەم تاوانکارییەتان بدەن.

پرۆژە و ئامانجێکی لەم چەشنە، بۆ یەخەگیریی لەگەڵ دەسەڵاتدارە کۆلۆنیالیستەکان و بەسوود وەرگرتن لە هەلومەرجی ڕەخساو، پێویستی بە نەخشە و میکانیزمێکی تۆکمە هەیە. هەروەها کۆمیتەیەکی کارا و شارەزا و دڵسۆز لە کەسانی پارێزەر و یاساناس و یاسای نێودەوڵەتی مافی گەلان و پەیوەندییە نێودەوڵەتی و بواره جیاکانی تردا و کەسانی خاوەن پێگەی ئاکادیمی و ڕۆشنبیریی و ئابووری و پێك بهێنرێ ، لەسەر ئاستی دەرەوەی کوردستان بەتایبەت لە بەریتانیا و فەرەنسا. بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم کەیسە لای داموەزگا فەرمی و سەرەکییەکان، ناوەندە ئەکادیمییەکان، ڕێکخرا و دامەزراوە مرۆڤدۆستەکان، پەرلەمان و دادگای ئەورووپا، ڤاتیکان و ئەنجومەنی ئاسایش و ناوەندەکانی تری بڕیاردەر و دۆستانی کورد بجوڵێین و بە هەموو هێزێکەوە لە دەرگایان بدەین....کار و ئامانجەکەش دەکرێ لەسەر بنەمای پشتبەستن بە شۆڕش و داواکانی کورد بەتایبەت شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی نەمر و هەوڵ و تێکۆشانە دیبلۆماسییەکانی شەریف پاشای خەندان و لایەنە بەسوودەکانی بەند و ڕێککەوتنەکانی سیڤەر و ئەوانی دیکە و میتۆووی تراژیدیای ژیانی کورد لەو ڕۆژەوە هەتا ئێستا و دۆخی هەنووکەیی کورد بەڕێوە بچێ.کەیسەکە دەبێت دەوڵەمەند بێت بە ناوەڕۆك و داواکانی کورد ڕەپ و ڕاست ئامانجی ڕوون و ئاشکرا بێت... ڕەوەندی کوردیش بە هەموو شێوازێك و لە تەواوی هەنگاوەکاندا پاڵپشت بێت و کاری بۆ بکات... هەڵمەتی گەورەی بۆ ساز بدات بە خۆپیشاندان و دەربڕینی ناڕەزایی و چالاکی تری جۆراوجۆر و تەنانەت چەکی هونەریشی بۆ بخرێتە کار، کۆنسێرت و ئاهەنگی گەورە ساز بدرێ..حکومەتی هەرێم و پەرلەمان زۆر بەتایبەتی و کەسانی دڵسۆز و لێوەشاوەی نا حیزبی و بێلایەنەکان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات کاری بۆ بکەن و پشتیوانی پێویستی بۆ مسۆگەر بکەن . دیارە پێویستە هێزێکی مادی گەورەش بخرێتە خزمەتییەوە.

بە کورتی:

بە قورسایی دۆسییەی ئازار و ژان و ژیان و قوربانییەکانی کورد و کوردستانەوە، خۆ بگەیەنینە هەموو ناوەندەکان بڕیار و سەر سەکۆی سیاسی جیهان بهەژێنین و هەوڵ لەگەڵ هەموو شوێنێ بدرێ و دۆست و لایەنگریی بێگانەی بۆ پەیدا بکرێ...کارەکەش لە بنەڕەتدا زەحمەت نییە، تەنها دڵسۆزی و لێزانین و توانا و توانای دارایی گەرەکە... ئەمانەش کەرەسەیەکن لەبەردەستدا هەن.ئەم میتۆدە جگە لە زرنگی و لێوەشاوەیی و شارەزایی و دڵسۆزی و سەرچاوەیەکی دارایی، چ ئەکێکی تری نییە و یەك لە ملیۆنی ئەو هەموو زیان و قوربانییانە ناگرێتەوە، کە تا ئێستا پێمان گەشتووە.

مانشێت

دۆیچە ڤیلە:



حکومەتی ئەڵمانیا بەنیازە ناوی حزبوڵای لوبنانی بخاتە نێو لیستی ئەوروپا بۆ تیرۆر.

ئێندیپێندێنت:



دوای ترامپ و هاوژینەکەی ، ژمارەیەك ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکا ڕایانگەیاند کە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون.

ئۆبزێرڤەر:



لەو شەڕەی کە چەند ڕۆژێکە لە نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان لە قەرەباخ بەڕپا بووە ، 28 چەکداری سووری کوژران.

سکای نیوز:




حکومەتی سودان ڕێککەوتنی ئاشتی لەگەڵ ژمارەیەك پارتی سەرەکی ئۆپۆزسیۆن واژۆ کرد.


ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:



یەکێتی ئەورووپا 3 مانگی وەك مۆڵەت بۆ تورکیا دیار کرد بۆ ئەوەی کۆتایی بە چالاکیەکانی بێنێ لە دەریای سپی ناوەڕاست.



ئاوە شلەکەی (مەریخ) زانایانی فەلەکناسی و کیمیا و جیۆلۆجی سەرسامکردووە!



لە ساڵی 2015 دو بە بەکارهێنانی ئامێری شیکەرەوەی شەپەنگیی تایبەت بە مانگی دەستکردی (مارس ریکۆنسیانس ئۆربیتەر – MRO)، پسپۆرانی ئاژانسی (ناسا) چەندەها بەڵگەی زەق و روون و یەگجار زۆر ئاشکرای بوونی چالاکیی ئاوی شل لەسەر رووی مەریخ و لە سەردەمی ئەمڕۆمانیان کەوتە دەست.

ئەو دەستکەوتە زۆر گرنگەش دوای ئەو هات کەوا لە میانەی گرتنی چەندین وێنەی یەگجار زۆر ورد لە چەند کاتێکی جیای ساڵدا بۆ دیاردەی (شریتە تاریکەکان – Streaks) ی نێو دیواری ناوەوەی چاڵی مەزنی (Hale Crater) بۆ پسپۆران دەرکەوت کە لە کاتی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی ناوچەکە لە وەرزی (بەهارو هاوینی مەریخی) دا دریژتر دەبنەوەو رەنگیشیان تاریکتر دەبن و پاشان لەکاتی نزمبوونەوەی پلەی گەرما لە هەردوو وەرزەکانی (پاییزو زستانی مەریخی) دا دەکشانەوەو رەنگیان کاڵتر دەبنەوە.

پسپۆران روونیان کردۆتەوە کەوا لەو کاتەی پلەی گەرمیی ئەو ناوچەیە دەگاتە سنووری (23 پلە لە ژێر سفری سەدیدا)، کاریگەریی دریژبوونەوەو تاریکداهاتنی ئەو شریتە تاریکانە بە ئاشکرا دەردەکەون، وە لە رووی زانستیشەوە، ماوەیەکە زانراوە کەوا ئەو شریتە تاریکانە بریتین لە کەندو دۆڵی بچووکی ڕێرەوەی ئاو، کە پێشتر پسپۆڕان بڕیان ڕوون نەبوو ئاخۆ ئەم کەندە باریکانە کە وەکو پاشماوەی ڕێرەوی ئاوی کانی و ڕووباری بچووکن، وەك ئاسەوار لە میژووی هەرە کۆنی تەڕو پڕ ئاوی سەر رووی مەریخدا ماوەتەوە، یاخود دەگەڕێتەوە بۆ چالاکی ئێستای ئاوی شلی بەخۆڕ ڕۆیشتووی ئەم هەسارەیە، تا ئەو بەڵگانەی مانگی دەستکردی (MRO) و لە 28.9.2015 کەوتنە دەست.

دەرئەنجامە هەرە نوێیەکان دەربانخست کەوا، ئامێری شیکەرەوەی شەپەنگیی مانگی دەستکردی (MRO) توانی بڕێکی یەگجار زۆری پێکهاتەی کیمیایی ناسراو بە (خوێیە ئاوییەکان – Hydrated Salts) لەنێو ڕێرەوی ئەو کەندانەدا بدۆزێتەوە، وە لە رووی زانستیشەوە، ئەو خوێیانە دەبنە هۆی کەمتر کردنەوەی پلەی بەستانی ئاو، وەکو چۆن لەسەر هەسارەکەمان و بەهۆی ڕژاندنی خوێ لەنێو شەقامەکاندا لەکاتی بارینی بەفرێکی زۆردا دەبێتە هۆی خێرا تواندنەوەی بەفرو کەڵەکە نەبوونی، بە هەمان شێوەو هەر بە گوتەی پسپۆڕانی (ناسا)، وادیارە دەرچوونی بڕێکی بەرچاوی ئاوی شل لە ناوچەکانی نزیکی رووی مەریخدا، واتە نەوەك لە قوڵایی خاکەکەیدا، بەسیەتی بۆ ئەوەی بێتە هۆی تاریك داهێنانی ئەو کەندو لەندانەی رووی مەریخ و پڕکردنی بە ئاو.

لە هەموشی گرنگتر ئەوەیە، پسپۆڕان توانیان بارستە مادەیەکی دیکە سەرنجڕاکێشتریش بدۆزنەوە لەو ناوچەیەدا، ئەویش ئاسراوە بە پێکهاتەکانی (سەرووی کلۆرەکان – Perchlorates) لەتەك (خوێیە ئاوییەکان – Hydrated Salts) کە ئەوەیان لە بنەڕەتەوە بریتییە لە تێکەڵەیەکی (پیرکلۆراتی مەگنیسیۆم و کلۆریدی مەگنیسیۆم و سەرووی کلۆرەکانی سۆدیۆم) و پێکەوە لە توانایاندایە کەوا نەهێڵن ئاو بچێتە دۆخی ڕەقی (واتە بەستان) ئەگەر چی پلەی گەرمیش یەگجار زۆر نزم بێتەوەو بگاتە سنووری (70 پلە) لە ژێر سفری سەدیدا، بۆیە، بوونی ئاو لەسەر دۆخی شلی لەسەر رووی مەریخدا، ئێستا چۆتە نێو سنووری (ئەمری واقیع) و بۆتە یەکێ لە دۆزینەوە هەرە گرنگ و میژوویەکانی رووی هەسارەی سووردا.

ئێستا دەریاچەی ئاوی شلی شاردراوە لە ژێر رووی خاك مەریخدا دۆزرانەوە!

لە لایەکی دیکەوەو لە تازەترین دۆزینەوەی ناوازەیدا، تیمی پسپۆرانی کەشتی ئاسمانیی ئەوڕوپی (مارس ئێکسپرێس) پەردەیان لادا لەسەر بوونی سێ دەریاچەی ئاویی لەژێر رووی خاکی مەریخ و لە ناوچەیەکی نزیك لە جەمسەری باشووریدا، پاشان بوونی چوارەم دەریاچەیان بەتەواوی پشتڕاست کردەوە، دوای ئەوەی لە ساڵی 2018 زانایان هەستیان بە بوونی کردبوو، بەڵام نەبوونی داتای یەکلا کەرەوە ڕاگەیاندنی ئەوکاتی دۆزینەوەی ئەو دەریاچەیەش دواخرابوو.

بێ گومان بوونی ئاو واتە بوونی بوارێکی زۆر گرنگ بۆ ژیانی بایۆلۆژیی، بۆیە، ئەم دۆزینەوەیە دەبێتە مایەی گرنگی پێدانی یەگجار زۆر زیاتری پسپۆران و زانایانی گەڕان بە دوای بوونی ژیان لەنێو سیستەمی خۆرو دەرەوید.

لەهەمان کاتدا، پسپۆڕان ئاشکرایان کرد کەوا پێدەچێت ئەو دەریاچانەی ئاوی شلی ژێرەوەی رووی خاکی مەریخ زۆر سوێربن، کە ئەمەش دەبێتە بەربەستێك لەبەردەم بوون و مانەوەی هەر ژیانێك، تەنانەت مایکرۆبیش بێت.

بە وردبوونەوە لە وێنەکانی وەرگیراوی رووی مەریخ لە ڕێگەی کەشتییە ئاسمانییەکان، کە لە ساڵی 1976 وە تاوەکو ئێستا هەر بەردەوامە، زانایانی جیۆلۆجی و تۆپۆگرافیی یەکلاییان کردۆتەوە بە هەزاران بەڵگە کەوا پێش ملیارەها ساڵ پێش ئێستا، ئاو بەهەموو شێوێکی ڕووی ئەو هەسارەیەدا وەك دەریاو دریاچەو زێ و ڕووبارو تەنانەت زۆڵکاویش پەرش و بڵاو ببوونەوە، بەڵام دوای لەدەستچوونی بەرگە هەوایەکەی، تەواوی ئەو دیاردانە لەسەر ڕووەکەی نەمان و تەنها لە دوای خۆیاندا ئاسەواری زەق و ئاشکرای بوونیان جێهێشتووە.

(د. ڕۆبێرتۆ ئۆرۆسی) ی پسپۆڕ لە (پەیانگەی نیشتیمانیی ئیتاڵیی بۆ فیزیای فەلەکیی) و بەشدارببووی ئەو لێکۆڵینەوەو دۆزینەوە نوێیەی مەریخ گوتی:«ئێمە لەو باوەڕەداین کەوا ئەو بارستە ئاوییانە لەمێژووی کۆن – نەوەك نوێی – هەسارەکەدا هەبوونە، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێ کەوا ئێستا تۆ نیشتیهاتێکی یەگجار زۆر کۆنت لە قوڵایی خاکی ئەو هەسارەیەت دۆزیوەتەوە بە درێژایی مێژوودا هەر هەبوونە«... هەروەها زیاتر گوتی: «لەوکاتەی کەوا مەریخ بەنێو کارەساتی لەناوچوونی بەرگەهەواو کاوڵبوونی کەش و ئاوو هەوایەکەی نغرۆ دەبوو، وە لە هەسارەیەکی گەرمی شێدارەوە گۆڕا بۆ هەسارەیەکی ساردو سوڕی سەهۆڵبەندی و وشك، کەچی لەو قوڵاییانەدا ژینگەی زۆر لەبار هەبوون و هەر مانەوەش بۆ لەباوەشگرتنی جۆرێك لە جۆرەکانی ژیاندا».

لەوەتەی کانونی یەکەمی ساڵی 2003 وە، کەشتی ئاسمانیی ئەوروپی (مارس ئێکسپرێس) بە دەوری هەسارەی سووردا دەخوڵیتەوەو تا ئێستا گەنجینەیەکی یەگجار زۆر ناوازەی وێنەو داتای ڕووی ئەو هەسارەیەی گەڕاندۆتەوە، وە لە ساڵی 2018 پسپۆڕان داتاکانی کامێرای ڕادارییان شی دەکردەوە کاتێك هەستیان بە بوونی دەریاچەیەك کرد لە ژێر ڕووی خاکی مەریخدا بە جۆرێك کە پانتاییەکەی 20 کیلۆمەترو لە قوڵایی 1.5 کیلۆمەتر بوو لەژێر خاکی ڕووپۆشە سەهۆڵییەکەی جەمسەری باشووریدا، وە دوای کۆکردنەوەو شیکردنەوەی 134 دۆسییەی داتای ڕاداریی لەنێوان ساڵانی 2010 تا 2019، نەوەك بوونی دەریاچەکەی ساڵی 2018 دیان سەلماند، بەڵکو سێ دەریاچەی دیکەشیان دۆزییەوە.

لێرەدا، پسپۆڕان جەخت لەسەر خاڵێکی زۆر نامۆز سەرسوڕهێنەر دەکەنەوە، کە پیشتر ڕایانگەیاندبوو، کە دەڵێ: لەبەر ئەوەی ناخی هەسارەی مەریخ پلەیەکی گەرمی هێندە بەرزی نییە – وەك زەوی – تا بتوانێ پلەی گەرمیی بارستە ئاوییەکان بەرزبکاتەوەو بە شلیی بیانهێڵێتەوە، بۆیە، بوونی ئای شل لەناخی زەوی مەریخدا تەنها یەك شیکردنەوەی هەیە، ئەویش بوونی ڕێژەیەکی یاگجار زۆر بەرزی خوێیەکانی ناسراو بە (پیرۆکلۆریدەکان) کە پێکهاتەیەکی خوێییە لە ئاوێتەکانی (مەگنیسیۆم و سەرووی کلۆراتی کالسیۆم کە پێکهاتووە لە کلۆری بەستراو لەگەڵ چوار گەردیلەی ئۆکسجین) کەوا دەکات وەك مادەی – ئەنتی فریز – پلەی بەستانی ئاو یەگجار زۆر نزمتر بکاتەوە لە سفری سیلیزیی، بۆیەن سەرەڕای نزمیی یەگجار زۆری پلەی گەرمیی ئەو ئاوەی ناخی مەریخ کە دەگاتە (123 – پلە لە ژێر سفری سیلیزیی) کەچی هێشتا بە شلی دەمێنێتەوە.

ئاژانسی بۆشاییگەڕیی ژاپۆنی (جاکسا) ڕایگەیاند کەوا پلانێکیان داڕشتووە بۆ دامەزراندنی یەکەم کارگەی بەرهەمهێنانی سووتەمەنی هایدرۆجینی لە سنووریی ساڵی 2035 دا.

شۆێنێ دامەزراندنی ئەو کارگەیە دەکەوێتە ناوچەی جەمسەری باشووری مانگ کە ماوەیەکی زۆرە زانراوە یەدەگێکی یەگجار زۆری ئاوی بەستووی تیادایەو دەبێتە سەرچاوەیەکی سەرەکیی بەرهەمهێنانی ئاوی پاکی خواردنەوەو هەروەها بەرهەمهێنانی ئۆکسجین و هایدرۆجین.

ئەو هایدرۆجینەی بەرهەم دێت وەکو سەرچاوەی سەرەکیی سووتەمەنی بەگڕخستنی ئۆتۆمبێل و بوارەکانی دیکەی گواستنەوە دەبێت لەسەر رووی مانگدا، وە لە هەمان کاتدا دەبێتە سەرچاوەی سووتەمەنی بۆ بەگڕخستنی ئەو مووشەك وکەشتییە ئاسمانیانەی کە کەشتیوانان و بارو کەرەستەو پێداویستییەکان لە خولگەی مانگەوە بۆسەر ڕووەکەی و بە پێچەوانەوە دەگوازنەوە.

ئاژانسی (جاکسا) ڕوونی کردەوە کەوا ئامانج لە دروستکردنی ئەو کارگەیە کەمکردنەوەی تێچوونە زۆرەکانی گواستنەوەی کەشتیوانان و کەل و پەلەکانە لە زەوییەوە بۆسەر رووی مانگ، ئەمە جگە لەوەی خودی پرۆژەکە دەبێتە دەستپێکێك بۆ خێراکردنی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی مانگ و هاندانی وڵاتانی دیکەش بۆ گەیشتن بە هەمان مەبەست.

جێگای ئاماژە پێدانە کەوا لە ساڵی ڕابردوو، ژاپۆن چووە نێو بەرنامەی (دۆزینەوەی مانگ) تایبەت بە ئاژانسی (ناسا) ی ئەمریکی و ڕێکەوتنێکیان مۆرکرد دەربارەی بواردکانی لێکۆڵینەوە لەسەر مانگ و هاریکاری لە بوارەکانی گواستنەوەی ئامێرو کەل و پەل و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریی دەربارەی تایبەتمەندییەکانی مانگ و دیزاینی هاوبەشی هەردوولا بۆ دروستکردنی (ڕۆڤەر – گالیسکە) ی مانگ و هەروەها ناردنی کەشتیوانانی ژاپۆنی بۆسەر رووی مانگ.



ڤێنەیەکی نوێی ناسا بچووکیی قەبارەی ئێمە نیشان دەدات لەنێو گەردووندا

گرتەیەکی نوێی (تلسکۆپی ئاسمانیی هابل) بە شێوەیەکی زیاتر سەرنجی زانایانی بۆخۆی ڕاکێشاو جارێکی دیکەش سەلماندی کەوا قەبارەی ئێمە بە بەراورد لەگەڵ گەردووندا یەگجار یەگجار زۆر بچووکە.

گرتەکە بۆ ناوچەیەکە ناسراوە بە (هێشووە گالاکسییەکانی Abell 2744) کە ملیۆنەها ساڵی ڕووناکی لێیانەوە دورە، وە لە بینینی سەرەتاییدا ئێمە وا دەزانین کەوا هێشووە گالاکسییەکان و زۆر لێك نزیکن، کەچی لە ڕاستیدا مەودای ملۆنەها ساڵی ڕووناکی لێکیان جیا دەکاتەوە، کە ئەمەش قەبارەی ڕاستەقینەی مەزنی گەردوون ئاشکرا دەکات.

لەبارەی ئەم گرتە سەرنجڕاکێشەوە، ئاژانسی (ناسا) ڕایگەیاند: «مرۆڤ چاوی دیکەی بەهێزی هەیە کە لە ڕێگەیانەوە ئەو چاوانە، کە مەبەستمان تلسکۆپە هەرە پێشکەوتووەکانی ئاسمانی و سەر زەمینییە، دەتوانن نیشاندانی دیمەنێکی سەرسامکاری گەردوونیدا، بەم نزیکانە ئاژانسی (ناسا) تلسکۆپی هابڵ خانەنشین دەکات و لە شوێنی ئەو جێگرەوەیەکی یەگجار زۆر پێشکەوتووترو هەستیارتر دەخاتە خزمەتەوە، ئەویش (تلسکۆپی ئاسمانیی جێیمس وێب) ە، ئەو تلسکۆپەی کە هێندە بەهێزە تەنانەت دەتوانێ دیمەنی 0.3 ملیار ساڵی دوای تەقینەوەی مەزنی گەردوونیمان پێ نیشان بدات، واتە ئەو سەردەمەی هەرە زووەی خەڵقبوونی گەردوون کە تازە ڕووناکی تیایدا دەرەکەوتبوو، جگە لەمەش، (تلسکۆپی ئاسمانیی جێیمس وێب) ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە دۆزینەوەی ژیان و بوونەوەری ژیر لە دەرەوەی هەسارەی زەویدا، چونکە ئەم ڕوانگەیە توانای ڕومالکردنی هەزارەها هەسارەی دەرەکیی دیکەی هەیەو دەشتوانێ لە ڕێگەی شیکردنەوەی پێکهاتەی بەرگەهەوای ئەو هەسارە دەرەکییەکاندا ئەگەرو هێماکانی بوونی ژیان بدۆزێتەوە.



لە ڕێگەی ڕوانگەکردنی گەردوون لەژێر تیشکە نەبینراوەکانی وەك گاما و ئێکس و ...هتد، دیمەنێکی یەگجار زۆر وردترو فراوانترو واقیعیتری تەنە گەردوونییەکانمان پێ نیشان بدەن و نهێنییە شاردراوەکانیان بدۆزنەوە«.

دوای تێپەڕبوونی 30 ساڵ بەسەر کارکردنی نەبەردانەو

ڕادەی بەرکەوتنی مرۆڤ بە تیشک لەسەر رووی مانگ دەستنیشانکرا



ئەمجارەیان نەوەك لەلایەن ئەمریکی و ڕووسییەکان، بەڵکو لەلایەن چینییەکان یەکێ لە ڕاستییە هەرە گرنگەکانی چالاکی تیشکیی لەسەر رووی مانگدا ئاشکراو دەرکەوت 200 جار ئەوەندە بەهێزترە بە بەراورد لەگەڵ زەوی، واتە، جەستەی مرۆڤ لەسەر رووی مانگدا 200 ئەوەندە زیاتری زەوی تیشکی بەبەر دەکەوێت.

لەم بارەیەوە گۆڤاری (Science Advances) بڵاوی کردۆتەوە کەوا ژمارەیەك وڵات ڕایگەیاندووە کەوا بە نیازن چەندین کەشتیی ئاسمانیی ڕەوانەی مانگ بکەن، کەچی تاوەکو ئێستا بڕی ئەو تیشکە نەزانرابوو کە بەبەر ئادەمیزاد دەکەوێت، سەرەڕای نیشتنەوەی ئادەمیزاد لە ڕێگەی (پرۆژەی ئەپۆڵۆ) دا، کەچی ئاماژە بە بڕی بەرکەوتنی تیشك نەدراوە.

پسپۆڕانی چینی ڕوونیان کردۆتەوە کەوا تیشکە گەردوونییەکان و ئەو تەنۆچکە بارگاویانەی لە خۆرەوە دەردەچن و ئەو تیشکە گامایەی کە بەهۆی کارلێکی نێوان تیشکی گەردوونی و ڕووی مانگەوە دروست بووە، ئەمانە گشتیان کاریگەرییەکی زۆریان هەیە لەسەر تەندروستی و جەستەی ئادەمیزاد لە داهاتوو ئەگەر بە ڕێژەیەکی زۆر و بۆماوەیەکی دریژدا مایەوە ئەوا چەندین نەخۆشیی سەرهەڵدەدەن وەك تاریکبوونی هاوێنەی چاو و شێرپەنجە و کێشەی زۆر لە کۆئەندامی هەناسەدان و کۆئەندامی دەمار.

بۆ گەیشتن بەو ڕاستییە پسپۆڕانی چینی سوودیان لە کەشتییەکەی خۆیان وەرگرتووە کە ناسراوە بە (Chang e 4-) کە لە ساڵی 2019 وە لەسەر ڕووی مانگدا کاردەکات و داتایەکانی دەریخست کەوا بڕی بەرکەوتنی ڕۆژانە (چین) گوتی:«ڕێژەی تیشك لەسەر ڕووی مانگ 200 جار ئەوەندەی سەر ڕووی زەوییەو 2.6 جار ئەوەندەی نێو فرۆکەیەکە کە لە (نیویۆرك) بۆ (فرانکفۆرت) دەفڕێت، واتە کەشتیوانانی بۆشاییگەریی بڕێکی یەگجار زۆر زیاتری تیشکیان بەبەر دەکەوێ بە بەراورد لەگەڵ سەرنشینانی نێو فرۆکەیەکدا».

ژاپۆن سووتەمەنی هایدرۆجینی لەسەر مانگدا بەرهەم دێنێ

ئاژانسی بۆشاییگەریی ژاپۆنی (جاکسا) ڕایگەیاند کەوا پلانێکیان داڕشتووە بۆ دامەزراندنی یەکەم کارگەی بەرهەمهێنانی سووتەمەنی هایدرۆجینی لە سنووریی ساڵی 2035 دا.

شۆێنێ دامەزراندنی ئەو کارگەیە دەکەوێتە ناوچەی جەمسەری باشووری مانگ کە ماوەیەکی زۆرە زانراوە یەدەگێکی یەگجار زۆری ئاوی بەستووی تیادایەو دەبێتە سەرچاوەیەکی سەرەکیی بەرهەمهێنانی ئاوی پاکی خواردنەوەو هەروەها بەرهەمهێنانی ئۆکسجین و هایدرۆجین.

ئەو هایدرۆجینەی بەرهەم دێت وەکو سەرچاوەی سەرەکیی سووتەمەنی بەگڕخستنی ئۆتۆمبێل و بوارەکانی دیکەی گواستنەوە دەبێت لەسەر رووی مانگدا، وە لە هەمان کاتدا دەبێتە سەرچاوەی سووتەمەنی بۆ بەگڕخستنی ئەو مووشەك وکەشتییە ئاسمانیانەی کە کەشتیوانان و بارو کەرەستەو پێداویستییەکان لە خولگەی مانگەوە بۆسەر ڕووەکەی و بە پێچەوانەوە دەگوازنەوە.

ئاژانسی (جاکسا) ڕوونی کردەوە کەوا ئامانج لە دروستکردنی ئەو کارگەیە کەمکردنەوەی تێچوونە زۆرەکانی گواستنەوەی کەشتیوانان و کەل و پەلەکانە لە زەوییەوە بۆسەر رووی مانگ، ئەمە جگە لەوەی خودی پرۆژەکە دەبێتە دەستپێکێك بۆ خێراکردنی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی مانگ و هاندانی وڵاتانی دیکەش بۆ گەیشتن بە هەمان مەبەست.

جێگای ئاماژە پێدانە کەوا لە ساڵی ڕابردوو، ژاپۆن چووە نێو بەرنامەی (دۆزینەوەی مانگ) تایبەت بە ئاژانسی (ناسا) ی ئەمریکی و ڕێکەوتنێکیان مۆرکرد دەربارەی بواردکانی لێکۆڵینەوە لەسەر مانگ و هاریکاری لە بوارەکانی گواستنەوەی ئامێرو کەل و پەل و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریی دەربارەی تایبەتمەندییەکانی مانگ و دیزاینی هاوبەشی هەردوولا بۆ دروستکردنی (ڕۆڤەر – گالیسکە) ی مانگ و هەروەها ناردنی کەشتیوانانی ژاپۆنی بۆسەر رووی مانگ.



ئەمڕۆ لە پێنج خولە گەورەکەی ئەورووپادا بەرشلۆنە رووبەڕووی سیڤییا و یۆڤی بەرامبەر ناپۆلی و مان یونایتد لەگەڵ تۆتینهام یاری دەکەن

هاوار مورتکەیی

ئەمشەو لەمیانی یاریەکانی پێنج خولە گەورەکەی ئەورووپا بۆ تۆپی پێ ژمارەیەك یاری بەڕێوەدەچن، کە دیارترین رووبەڕووبوونەوەکانی ئەمشەو بریتین لە یاریی نێوان مانچستەر یونایتد و تۆتینهام لە خولی ئینگلیزی، یاریی نێوان یۆڤینتۆس و ناپۆلی لە خولی ئیتالی، یاریی نێوان بەرشلۆنە و سیڤییا لە خولی ئیسپانی، یاریی نێوان بایەرن میونشن و هیرتا بەرلین لە خولی ئەڵمانیا، یاریی نێوان لیۆن و مارسیلیا لە خولی فەرەنسا،

ئەمەی خوارەوەش کاتی ئەنجامدانی یاریەکانی هەر پێنج خولەکەیە:

*ئینگلتەرا:

لیستەر سیتی- ویستهام یونایتد 2ی پاش نیوەڕۆ

ساوسهامپتۆن- ویست برۆمیچ 2ی پاش نیوەڕۆ

ئەرسنال شیفیلد یونایتد 4ی ئێوارە

ولڤرهامپتۆن- فولهام 4ی ئێوارە

مان یونایتد- تۆتینهام 6:30ی شەو

ئەستۆن ڤیلا- لیڤەرپوول 9:15 شەو

*ئیسپانیا:

ئۆساسۆنا- سیلتافیگۆ 1ی دوای نیوەڕۆ

ئالاڤیس- ئەتلەتیك بلباو 3ی ئێوارە

لیڤانتی- ریال مەدرید 5ی ئێوارە

قادیش- گەرناتە 7:30ی شەو

بەرشلۆنە- سیڤییا 10ی شەو

*ئیتاڵیا:

ئەتلانتا- کالیاری 2:30 ئێوارە

لازیۆ- ئینتەرە میلان 4ی ئێوارە

پارما- ڤیرۆنا 4ی ئێوارە

بنفینتۆ- بۆلۆنیا 4ی ئێوارە

میلان- سمبزیا 7ی شەو

یۆڤینتۆس –ناپۆلی 9:30ی شەو

*ئەڵمانیا:

فۆلفسبۆرگ- ئۆگسبۆرگ 4:30ی ئێوارە

بایرن میونشن- هیرتابەرلین 7ی شەو

*فەرەنسا:

مونپیلیە- نیم ئۆلۆمپیك 2ی ئێوارە

ستراسبۆرگ-لیل 4ی ئێوارە

ستادبریست- مۆناکۆ 4ی ئێوارە

بۆردۆ- دیگۆن 4ی ئێوارە

ریین- ستادریمس 6ی شەو

لیۆن- مارسلیا 10ی شەو


هەولێر یاریزانێکی بەڕازیلی گواستەوە ریزەکانی



یانەی هەولێر ناوەڕاستکارێکی بەڕازیلی گواستەوە ریزەکانی و بە هێنانی چەند یاریزانێکی دیکەش یانەکەی پتەو دەکات.

یانەی هەولێر بەفەرمی رایگەیاند گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی بەڕازیلی ئێرتۆن ڕێیبڕۆ سانتۆسواژۆکرد.وەك یانەکە ئاماژەی پێداوە یاریزانەکە لە یانەکانی بۆتافۆگۆ، فلامینگۆ، ئینتەرناسیۆنال، فلومێنێنسی و بێنفیکا یارییکردووە.

یانەی هەولێر بۆ رکابەریکردن لە خولی عێراقی بریاریان داوە چەند یاریزانێکی پیشەگەر لە هێڵەکانی بەرگری و هێرشبەری و ناوەڕاست بگوازنەوە یانەکەیان، بە ئومێدی ئەوەی بتوانن رکابەری لەسەر ریزبەندەکانی پێشەوەی خولی عێراقی لە وەرزی نوێدا بکەن.



باشتریەنەکانی چامپیۆنزلیگ دەستنیشان کران

فیدراسیۆنی تۆپی پێی ئەورووپا باشترینەکانی وەرزی رابردووی چامپیۆنزلیگی دەستنیشان کرد و خەڵاتی باشترین یاریزانی 2020ی ئەورووپاشی بە رۆبێرت لیڤاندۆڤسکی بەخشی.

مانوێل نویەر گۆڵپارێزی بایرن میونشن بە باشترین گۆڵپارێزی وەرزی رابردووی چامپیۆنزلیگ دیاریکرا.

جۆشوا کیمیچ بەرگریکاری بایرن میونشن خەڵاتی باشترین بەرگریکاری وەرزی رابردووی چامپیۆنزلیگی وەرگرت.

رۆبێرت لیڤاندۆڤسکی بە باشترین هێرشبەری وەرزی رابردووی چامپیۆنزلیگ دەستنیشانکرا.

کیڤن دی برۆین یاریزانی مان سیتی بە باشترین ناوەڕاستکاری وەرزی رابردووی چامپیۆنزلیگ هەڵبژێردرا.

جێنیفەر مارۆزسان لە ئاستی خانمان بە باشترین ناوەڕاستکاری چامپیۆنزلیگ دیاریکرا.

لە لایەکی دیکەیشەوە، هێرشبەرە پۆڵەندییەکەی بایرن میونشن بە کۆی 477 دەنگ بۆ یەکەمجار خەڵاتی باشترین یاریزانی ئەورووپای بەدەستهێنا.

لە دوای وەرگرتنی خەڵاتەکە لیڤاندۆڤسکی گوتی: ئەو دەستکەوتە بۆ کاروانی وەرزشی من زۆر بە نرخ و گرینگ بوو، لە مێژە چاوەڕێی بردنەوەی خەڵاتێکی لەمجۆرە دەکەم، سووپاس هاوڕێیەکانم و هاندەران دەکەم کە هەمیشە پاڵپشتم بوونە.

لەسەر ئاستی خانمانیش، پێرنێل هاردەر یاریزانی یانەی چێلسی بە باشترین خانمە یاریزانی ئەورووپا دیاریکرا.

هانز فلیك راهێنەری بایرن میونشن بە باشترین راهێنەری 2020ی ئەورووپا دەستنیشانکرا.


یاریەکانی قۆناخی کۆمەڵەکانی چامپیۆنزلیگ لە رۆژانی 20 و 21ی ئەم مانگە دەستپێدەکەن، یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ لە ئیستەبوول دەکرێت.


هازارد و کارڤاخال تووشی پێکان بوون

هاتنەوەی وەرزی نوێ مایەی دڵخۆشی نەبوو بۆ ئیدین هازارد کاتێك هەموان چاوەڕوانی گەڕانەوەی هازاردێك بوون بە توانای جەستەیی و ساغڵەمەوە، بەڵام لە پڕ هەواڵی پێکانی ڕاگەیەندرا بەر لەوەی قاچ بخاتە نێو یاریگا و بگەڕێتەوە تیمەکەی زینەدین زیدان.

ئامار و ژمارەکان ئەوەیان خستۆتە ڕوو، کە ئەستێرە بەڵژیکیەکە بە تەنها وەرزێك لە ڕیاڵ مەدرید، زیاتر لە یاریەکان دوورکەوتۆتەوە بە بەراورد بە تەواوی حەوت ساڵەکەی لەگەڵ چێلسی ئینگلیزی. بە شێوەیەك، ماوەی ئەو حەوت وەرزەی لەگەڵ یانە لەندەنییەکە، پێکان لە 20 یاری دووری خستبۆوە، بەڵام بە یەك وەرز لەگەڵ شاهانەکان 23 یاریی بێ بەش بووە. بەهۆی ئەو پێکانە نوێیەی کە لە ماسوولکەکانی قاچی ڕاستیدا دروست بووە، پێشبینی دەکرێت هازارد سێ تا چوار هەفتە دوور بکەوێتەوە.

بەهەمان شێوەی هازارد ریاڵ مەدرید دوو مانگ لە تواناکانی دانی کارڤاخال بەهۆی پێکان لە ئەژنۆی بێبەشدەبێت لە تواناکانی بەرگریکارە ئیسپانیەکە.







چامپیۆنزلیگ بە چەند یاریەکی ئاگرین دەست پیدەکاتەوە

تیروپشکی وەرزی نوێی قۆناخی کۆمەڵەکانی چامپیۆنزلیگ ڕاکێشرا و مێسی و کریستیانۆ بۆ یەکەمجار لەم قۆناخە ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە.

ئەنجامی تیروپشکەکە بەمشێوەیە بوو:

کۆمەڵەی یەکەم: ڕیاڵ مەدرید، شاختار، ئینتەر میلان و مونشنگلادباخ

کۆمەڵەی دووەم: بایرن میونشن، ئاتڵێتیکۆ مەدرید، سالزبیۆرگ و لۆکۆمۆتیڤ

کۆمەڵەی سێیەم: پۆرتۆ، مانچێستەر سیتی، ئۆلێمپیاکۆس، مارسێ

کۆمەڵەی چوارەم: لیڤەرپوول، ئایاکس، ئاتڵانتا و میدتیالاند

کویمان: یاریزانانی بەرشلۆنە برسی بردنەوەن

ڕۆنالد کویمانی ڕاهێنەری یانەی بەرشلۆنە ئاماژەی بەئاست بەرزی تیپەکەیدا لە یاریەکەیان بەرامبەر یانەی سیلتا فیگۆ و ڕایگەیاند کە ئەنجامەکە زۆر دادوەرانە بووە.

کومان دەڵێت: شانازی بەخۆمان دەکەین لەو یاریە کە بە 10 یاریزان توانیمان بەینەوە، ئەمە کارێکی گرنگ بوو، فشارمان زۆر دەکردە سەریان، نامەوێ باسی وەرزی ڕابردووی یانەکە بکەم، بەڵام ئەوە بە یاریزانانی بەرشلۆنەوە دیارە کە زۆر برسی بردنەوە، پێم وابوو ئەنجامەکەش دادوەرانە بوو، چونکە باش یاریان کرد، لەهەمووی گرنگتریش یاریزانانمان خاوەن توانایەکی باشی جەستەیین و ماندووبوون پیوەیان دیار نییە.



خەبات

ماسك بەستن

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP

info@xebat.net
www.xebat.net

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

Sun.4 Oct. 2020 No.:(6015)

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net

بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616

گروپی شاخەوانی هەڵۆ:

هەمیشە هانی خەڵک دەدەین بۆ ئەوەی ژینگەی کوردستان بپارێزن و خۆشیان بوێت



خەبات: سابیر حوسێن

چەند هەواداڕێکی شاخ و ژینگە دۆست، یەك ئامانج هاوبەش کۆی کردنەوە بەیەکەوە بێ سەلمینەوە پەرەیان بە ئامانجی خۆیاندا، ماوەی چەند ساڵێکە ئەو کۆمەلە کورو کیژەی شاری هەولێر تەنانەت لەکاتی شاڵاوی کۆرۆناش ئەوان دەست بەرداری شاخەکانی کوردستان نەبوون و وەك تیمێکی یەکگرتوو رووبان لەبەرژاییەکان و کەژو کێوی کوردستان دەکرد، ئەم خۆشەویستیە هاوبەشەیان بۆتە جێگەی سەرنجی میدیاکانی جیهانیش و لە چەندین وێستگەدا دیدارو ڕاپۆرتیان لەگەڵدا ساز کراوە، ڕۆژنامەی خەباتیش بە دەرفەتی زانی چەند پرسیارێکی ئاراستەی ئازاد گەردی: بەرپرسی گروپی شاخەوانی هەڵۆ بکات



سەرەتاش لێیان پرسی کە پیناسەیەکی گرۆپەپانمان بۆ بکات .....؟

ئازاد گەردی: گروپی شاخەوانی هەڵۆ لە هەولێر لەرێکەوتی ٢٠١٤/٤/٤ لە لایەن چەند هەواداڕێکی شاخ و ژینگەدۆست دامەزراوەو سەر بەفیدراسیۆنی شاخەوانی کورستانە. ئەم گروپە گروپێکی قازانج نەویستەو کاردەکات لەپێناو ناساندن و بەکلتوورکردنی وەرزشی شاخەوانی لە کوردستان لەژێر دروشمی «ژینگە پارێزی کاری سەرەکیمانە» هەمیشە هانی خەڵک دەدەین بۆ ئەوەی ژینگەی کوردستان بپارێزن و خۆشیان بوێت.

دەربارەی ژمارەی ئەندامانی کارای شاخەوانی ئازاد گەردی: بەرپرسی گروپی شاخەوانی هەڵۆ دووپاتیکردەوە کە لەئیستادا زیاتر ٢٠٠ ئەندامیان هەیە لەهەردوو ڕەگەز، هەفتانە گەشتی شاخەوانی ئەنجام دەدەین هەرجارەو بۆ شوێنێکی کوردستان و شاخێکی جیاواز، هەروەها تیمێکی تایبەتی (١٩) کەسیان هەیە کە لە لایەنی جەستەیی و تەواوی کەل و پەلەکانەوە ئامادەی شوێنە سەختەکانن و ڕاهێنان و خولیان بینیوە و بڕوانامەیان وەرگرتووە لە لایەن فیدراسیۆنی شاخەوانی کوردستانەوە.

بەرپرسی گروپی شاخەوانی هەڵۆ، زیاتر گوتی: جگە لە وەرزشی شاخەوانی تیمێکی پایسکل سواریان هەیەو هەفتانە ڕاهێنان دەکەین، هەروەها ناوە ناوە ڕاهێنانی بەردەوانیش دەکەین. سەبارەت بە ئەنجامدانی گەشتی شاخەوانی لە سەردەمی کۆرۆنا ڕاستە زۆربەی گروپەکان بەردەوام بوون لە گەشتەکانیان بە پابەند بوون بە ڕێنماییە تەندروستییەکان، هەروەها بە هۆی ئەوەی گەشتەکان لە نێو سروشتن و لە پانتایی کراوە ئەنجام دەدرێن هۆکارەکانی توشبوون بە کۆرۆنا زۆر کەمن.

ئازاد گەردی، بەرپرسی گروپی شاخەوانی هەڵۆ هەروەها دەڵێ: سروشت و کورۆنا دوو شتی زۆر جیاوازن، کۆرۆنا دۆژمنیکی سەرسەختی سروشت و مرۆڤایەتیەو سروشت هەمیشە مایەی بەردەوامی ژیانە.

سەبارەت بەوەی ئاخۆ لە کاتی دووچابوونی ئەندامێکیان بە ڕووداوێکی نەخوازراو چی دەکەن، **بەرپرسی گروپی شاخەوانی هەڵۆ دەڵێ:** لەکاتی ڕووداوی نەخوازراو، ئەگەر ڕووداوەکە گەورە نەبێت پێکانێکی سادە بێت، خۆمان تیمی فریاگوزاریان هەیەو چارەی دەکەین، و ئەگەر لەوە گەورەتربێ تیمی تایبەت هەیە لەبەرگری شارستانی هاوکارمان دەبێت، بەڵام ئەگەر ڕووداوەکە زۆر گەورە بێت و لە شوێنێکی دوورە دەست بێت، ئەوا وەزارەتی ناوخۆ لە ڕێگای تیمی فرۆکەوانی هاوکارمان دەبن. لەماوەی کارکردنمان جارێك ئەندامێکمان لە کاتی گەڕانەوەمان لە گەشتی گۆمی بێکۆدیان لە حەساری سەکران لە وەرزی بەفرو سەهۆڵ کەوتە خوارەوەو قاچی شکا، لەبەر ئەوەی ئەو شوێنەی ڕووداوەکەی لێی ڕوویدا شەبەکەی مۆبایلی نەبوو و ئامێری پەیوەندی خۆشمان بەهۆی دووریمان نەدەگەیشتە هیچ شوێنێك بۆ ئەوەی فریامان بکەون، بۆیە بە ماوەی ١٢ کاتژمێر بە هەوڵ و هیممەتی چەند شاخەوانێکی بەتوانا توانیمان کەسە پێکاوەکە بهێنینە خوارەوە.

ئازاد گەردی بەرپرسی گروپی شاخەوانی هەڵۆ چەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە: جگە لەسوودی وەرزش شاخەوانی خۆشەویستی سروشت و ناسینی کۆمەڵێك شوینی جیاوازو شوێنەوارو بینینی دێهاتەکانی کوردستان و هەروەها ناسینی کۆمەڵێك کەسی جیاوازو ئاشنابوونمان بە کۆمەڵێك گوڵ و ڕوەکی خۆرسکی سروشتی جۆراوجۆرو هەندێك خواردنی ڕووەکی جیاوازو بینینی ئاژەڵی جۆراو جۆر. گوتیشی هیچ ڕێگریەکمان لێ ناکرێت بۆ ئەنجامدانی وەرزشی شاخەوانی تەنانەت لە زۆربەی بازگەکان کاتێك وەك شاخەوان خۆمان دەناسێنین زۆر هاوکارمان دەبن، وەك پاڵپشتی هیچ کەسێك پاڵپشتی داراییمان ناکات، تەنها فیدراسیۆنی شاخەوانی کوردستان بە سوپاسەوە هەمیشە هاوکاری هەموو گروپەکان دەکات بە پێدانی ڕینمایی و کردنەوەی خولی شاخەوانی .





بەلجیکا..هونەرمەندی شێوەکاری حوسێن کاکەیی لە پێشانگای هونەری جوانتوسی ژەنینی ووشەکان بەشدار بوو



ئاشتی گەرمیانی .. هۆڵەندا

/وە ١٠ و ١١ / ١٠ / ٢٠٢٠، کاکەی لەدایك بووی شاری کەرکووکە لە ساڵی ١٩٥٩ وە دەرچووی ئەکادیمی هونەرە جوانەکانە بەشی گرافیکی ئازاد لە ووڵاتی بەلجیکا ساڵی ٢٠٠٩ ، سەبارەت بە پێشانگاکە و بەشدار بوونی دەڵێت :

ئەم نمایشە وابەستەیە،بە پڕۆژە ی یادکردنە وەی گەورە هونەرمەندی بەلجیکا،یان ڤان ئەیک ،ڤیستیڤاڵی هونەری هەمە چەشنەی هونەری ،منیش بە نمایشێک بە پەنجا کاری خۆشنووسی زیاتر بەستایلی نەستەعلیق و شکەستە وجۆرەکانی تر بەشداریم کردووە ،هەروەها سی کاری گرافیکیم بە شێوەی مۆنۆ پرنت پیشان داوە بە تەکنیکی جللی پرنت،گوزارشت لە ڕوخساری ئەو مرۆیایە دەکات کە ڤان ئەیک لە تابلۆکانی کێشاویەتی،من بە شێوازی گرافیکی مۆنۆ کروم ئەنجامم داوون وەکوو بەستەڕێک پەیوەست بەو هونەرمەندەوە...پەشداربووانی تر،بە وۆرک شۆپ بەشداربوون،دامەزراووی ڤووم هەستاوە بە ڕێکخستنی ئەم پیشانگەیە و خەرجی گرشت تێچوونە کانی لە ئەستۆ گرتووە..پیشانگاکە.. لەژێر ناووی (بە وەللە ڤان ئەیک لێرەبوو) کرایەوە، وەکو لە تابلۆکانی ئەودا دەردەکەوێت ،ئاین و.باوەڕ، ووردەکاری... خۆشنووسی و مێژوویەکی کۆن..ئێمەیش بەشێوازی دەربڕینی هونەری خۆمان... هەوڵمان داوە ئەو بابەتانە لەکارەکانمان بەرجەستە بکەین و ڕەنگ بداتەوە.... پیشانگەکەم لەژێر ناووی «ژە نینی ووشەکان» ە...لە کۆتاهەفتەی مانگی نۆوە بۆ ودووهەفتەی مانگی ئۆکتۆبەر ،بەدەوم دەبێت لەڕووی بینەران بەرەچاووکردنی بارودۆخی پەتای کۆرۆناوە ،خەڵکی بەسەدان ناوودەنووسن...بەنۆبەت سەردانی پیشانگاکە دەکەن.....وەکوو کوردێک بە شانازییەوە پێشەنگم لەناو گشت بەشداربووان .

